Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بەکارهێنانی داتاجۆرنالیزم لە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی هەرێمی کوردستان دا

**هێرۆ جەزا عەبدولعەزیز**
Herojaza5@gmail.com

**پ.ی.د. کاروان عەلی قادر**
Karwan.ali@spu.edu.iq

**بەشی تەکنیکی میدیا - کۆلێژی تەکنیکی کارگێری- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

## پوختە:

توێژینەوەی «بەکارهێنانی داتاجۆرتالیزم لە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی کوردیی دا» کار بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك ئەكات، دیارترینیان زانینیی رادەی ئاشنایەتیی و شارەزابوونی رۆژنامەوانانە، بە داتاجۆرنالیزم وەکو نوێترین چەمك و مۆدێل و پرۆسەی کاری میدیایی، لە هەمانکاتدا هەوڵێکە بۆ زانینیی ئەو بابەتانەی، کە ئەبن بە جێگەی بایەخ، لای ئەو میدیاکارانەی لە پێگە و وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکاندا کار ئەکەن.. بۆ ئەم مەبەستە، بابەتەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی جۆری وەسفییدا خراوەتەڕوو، بۆ لایەنە کردارییەکەشی پشت بە رێکاریی رووپێویی بەستراوە و ئامرازی فۆڕمی راپرسیی بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە، لە رۆژنامەوان/میدیاکارانی کەناڵە رۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکە (١٥٩) رۆژنامەوانن، بەشێوەیەکی (ناهەڕەمەکیی مەبەستدار) لە ناو (١٦) کەناڵدا وەرگیراون، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، دەریئەخەن ئاشنایەتیی سامپڵەکان، بۆ چەمکی داتاجۆرنالیزم رادەیەکی «باش»ی هەیە و دەگاتە رێژەی (٣٩.٦٪)، ئەوەش پەیوەستە بە سالانی ئەزموون و کارکردنیان لە بواری میدیادا، ئەنجامێکی تر دەریخستووە، کە سەرچاوەی پشت پێبەستراو لە بەرهەمهێنانی بابەتی داتاجۆرنالیزمدا بە پلەی یەکەم «داتا و بابەتی ماڵپەڕ و سەرچاوە فەرمییەکانی دام و دەستگا حکومییەکانن» بە رێژەی (٢٢,٦٪)، ئەگەرچی ئەو رێژەیە زۆر نییە، بەڵام پلەکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرچاوە فەرمییەکان، بەراورد بە سەرچاوەکانی تری وەرگرتنی داتا و زانیاریی، زۆرترین متمانەیان لای بەرتوێژان بە دەستهێناوە، لە تەوەرێکی تردا کە تایبەتە بەو بابەتانەی زۆرترین کاری میدیاییان لەسەر ئەکرێت، ئەنجامەکان دەریاخستووە، بابەتی (خەرجی و داهات، نەوت و وزە، گەندەڵیی) لە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بژاردەکاندان و رێژەی (٢١,٤٪، ١٩.٥٪، ١٣.٨) هێناوە، کۆتا بژاردەش لای بەرتوێژەکان بابەتی «وەرزشییە« بە رێژەی (١,٣٪)، ئەمەش پەیوەستە بە دۆخی هەرێمی کوردستان و ئەو بارە ئابووریی و داراییەی چەند ساڵێکە تووشی دانیشتووانەکەی بووە. لە سۆنگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، توێژەران چەند فاکتێك ئەخەنەڕوو، دیارترینییان ئەوەیە کە ئەکرێت (داتاجۆرنالیزم) وەکو نوێترین و زانیاریی بەخشترین مۆدێل و ژانری رۆژنامەوانیی ئەم سەردەمە، بچێتە ناو هەموو سێکتەر و بوارە ژیارییەکانی کۆمەڵگەوە و، بایەخێکی زیاتر بە بابەتی (خوێندن و پەروەردەیی، فەرهەنگیی و هونەریی، خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە، بوونیادنان و بووژاندنەوە، پاك راگرتن و سەوزکردنیی ژینگە، پێشخستنی کەرتی گەشتیاریی و ... هتد) بدات، نەك تەنها تایبەت بکرێت بە تەنگژە و کێشەیەك یان چەند بوارێکی دیاریکراوەوە.

**کلیلە وشەکان: داتا، داتاجۆرنالیزم، رۆژنامەوان، رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی.**

Recieved: 14/1/2024
Accepted: 12/2/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

لەم سەردەمەدا، کە بە سەردەمی بڵاببوونەوەی خێرا و فراوانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریی ئەناسرێت، وەرگر بە سەدان سەرچاوە و ڕێگای جیاوازیی بەدەستهێنانی زانیاریی لە بەردەستدایە، یەکێك لەو شێوانەی ڕۆڵی بەر چاوی لە ڕاکێشانیی سەرنجی وەرگر و کەمەندکێشکردنی بۆ خوێندنەوە و وەرگرتنی بابەتەکان هەیە «داتاجۆرنالیزمە» ئەوەش بەهۆی هەبوونی تایبەتمەندیی خێراکردن و چڕکردنەوەی زانیارییەکان و ئەو شێوازی پێشکەش کردنەیە، کە بە کەمترین وشە زۆرترین بڕ لە داتا و زانیاریی ڕاست و درووست پێشکەشی وەرگر ئەکات، پاڵپشت بە شێواز و ژانرە سەرنجڕاکێشەکانی (ئینفۆگرافیك، موشن گرافیك، ڤیدیۆگرافیك و... هتد).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، یەکێك لەو ئامرازە ڕۆژنامەوانییانەی، کە زۆرترین بەکارهێنانی بۆ داتاجۆرنالیزم هەیە (ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنییە) بەو پێیەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی کەناڵێکی (نووسراو، بیستراو، بینراو) لە خۆیدا کۆ ئەکاتەوە، وەکو ئامرازێکی سەربەخۆش، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی (خێرایی، کارلێککردن، بێسنووریی، فرە وەرگریی، قوڵیی زانیاریی، ئاسانیی بەدەستهێنان، هەرزانیی تێچوون و هتد...) بە تەواوی ئەیگونجێنێت لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی شێوازیی کارکردنی داتاجۆرنالیزم-دا.

داتاجۆرنالیزم؛ بوارێکی تایبەتمەندیی ڕۆژنامەوانییە، کار بۆ دەرخستن و نیشاندانی داتا و زانیارییە بە لێشاوەکانی سەردەمی دیجیتاڵیی ئەکات، لە ڕێگەی ژمارە و ئاماژە ئامارییەکانەوە بابەتێکی ئاڵۆز بە کەمترین وشە و زۆرترین زانیاریی ئەکاتە چیرۆکێکی ڕۆژنامەوانیی سەرنجڕاکیش، شانبەشانی هونەر و جۆرە ڕۆژنامەوانییەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئامرازەکانی بواری ڕۆژنامەوانییش زیاتر پەرەئەسێنن و بەرەوپێش ئەچن، یەکێك لەوانە «ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییە» کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەرئەچێت و بڵاوئەکرێتەوە و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر و ئایپاد و ئامێرە زیرەکان دەرئەکەوێت و ئەخوێنرێتەوە، لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامانە هاوشێوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکانن، بەڵام چەندین بابەت و نووسین و وێنە و هێڵکاریی جۆراوجۆر لە خۆئەگرن، ئەوەش بایەخێکی زیاتری پێ بەخشیوون.

لە گۆشەنیگای بایەخ و گرنگیی ئەو باسەوە، ئەم توێژینەوەیە هاتۆتە بوون، ئامانجێتی تاوتوێکردنێکی زانستییانەیە بۆ ڕادەی بەکارهێنانی داتاجۆرنالیزم لە ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی هەرێمی کوردستاندا بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە سێ بەشدا دابەشکاریی بۆ هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوەکە کراوە، کە ئەمانەن: بەشی یەکەم میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە و تێیدا (کێشە، گرنگیی، ئامانج، کۆمەڵگە و سامپڵ، سنوور، درووستیی و جێگیریی و توێژینەوەکانی پێشوو) خراونەتەڕوو. بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەیە، بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان، هەریەك لە چەمکەکانی داتاجۆرنالیزم و ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی ناسێنراون. لە بەشی سێیەمدا، کە دوا بەشی توێژینەوەکەیە ئەنجامی لایەنی کرداریی (مەیدانیی) توێژینەوەکە، لەگەڵ کۆمەڵە ڕاستیی و فاکتێك خراونەتەڕوو، کە ئەکرێت وەکو پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە ئەژمار بکرێن، بە تایبەتیی کە ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە، لەسەر داتاجۆرنالیزم لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت، هەربۆیە توێژەران هەوڵیان داوە، تازەگەریی و تەکنیك و شێوازیی نوێ، بەڵام «زانستیی و مەنتقیی» بهێننە ناو توێژینەوە کوردییەکانەوە.

# بەشی یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوە

## یەکەم: کێشەی توێژینەوە

کێشـەی ئـەم توێژینەوەیـە و هـۆکاری بەجێهێنانـی، بریتییـە لـە ناڕۆشـنیی و نادیاریـی رادەی «بەکارهێنانـی داتاجۆرنالیـزم لـە رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی هەرێمـی کوردسـتاندا». توێـژەران ئـەو ناڕوونییـە وەکـو کێشـە و پرسـێکی سـەرەکیی توێژینەوەکەیـان دەستنیشـان ئەکـەن، بـۆ روونکردنـەوە و بەدەسـتهێنانی وەڵامێکـی درووسـت، بـە شـێوەیەکی لۆژیکیـی و زانسـتیی، چوارچێـوەی باسـەکە دیاریـی ئەکـەن و چەنـد پرسـیارێکی پەیوەسـت و پەیوەندییـدار بـە پرسـیارە سـەرەکییەکەوە ئەخەنــەڕوو:

رۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستان، تا چ رادەیەك ئاشنایە بە چەمکی داتاجۆرنالیزم؟

کامانەن ئەو سەرچاوانەی رۆژنامەوان، لە بەرهەمهێنانی داتاجۆرنالیزمدا پشتی پێ ئەبەستێت؟

کامانەن ئەو بابەتانەی رۆژنامەوان لە داتاجۆرنالیزمدا کاری لەسەر ئەکات؟

بایەخ و گرنگییپێدانی ناوەندە رۆژنامەوانییەکان بۆ داتاجۆرنالیزم لە چ ئاستێکدایە.

رۆژنامەوان/میدیاکارانـی کوردسـتان تـا چەنـد سـوودیان لـە تەکنەلۆژیـای نـوێ وەرگرتـووە، کام بەرنامـە و ئەپانـە لـە کارەکەیانــدا بەکارئەهێنــن؟

## دووەم: گرنگیی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە؛ هەوڵێکـی زانسـتیی بوارێکـی زیندوویـی ئـەم سـەردەمەیە، کار بـۆ بەرەوپێشـچوونی بـواری رۆژنامەوانیـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ئـەکات، هـەوڵ ئـەدات لـە رێگـەی ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکانەوە، هانـی رۆژنامـەوان و دەسـتگا رۆژنامەوانییـەکان بـدات، کـە گرنگییەکـی زیاتـر بـە بابەتـی داتاجۆرنالیـزم بـدەن، وەکـو یەکێـك لـە جـۆر و مۆدێلـە نوێیەکانـی کار و پیشــەی رۆژنامەوانیــی لــە جیهانــدا، بەشـێوەیەکی گشـتیی توێژینەوەکـە گرنگیـی ئەبێـت بـۆ، بـواری زانسـتیی و پسـپۆڕێتیی کاری رۆژنامەوانیـی کوردیـی، بـە تایبەتـر کـە ئـەم توێژینەوەیـە «یەکـەم هەوڵـی زانسـتییە لـەو بـوارەدا و تـا ئێسـتا هیـچ توێژینەوەیـەك، لەسـەر داتاجۆرنالیـزم لـە هەرێمـی کوردسـتاندا نەکـراوە».

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

توێژەران هەوڵ ئەدەن، لە رێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەوە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بهێننەدی:

زانینیی رادەی ئاشنایەتیی و شارەزابوونیی رۆژنامەوان، بە داتاجۆرنالیزم لە هەرێمی کوردستاندا.

ئاشنابوون بەو سەرچاوە سەرەکییانەی رۆژنامەوان، لە بەرهەمهێنانی داتاجۆرنالیزمدا پشتی پێ ئەبەستێت.

ئاشنابوون و خستنەڕووی ئەو بابەتانەی رۆژنامەوان لە داتاجۆرنالیزمدا کاری لەسەر ئەکات.

دەرخستن و زانینی ئاستی بایەخ و گرنگییپێدانی ناوەندە رۆژنامەوانییەکان بۆ داتاجۆرنالیزم لە هەرێمی کوردستاندا.

زانینیـی رادەی سـوود لێوەرگرتنـی رۆژنامەوان/میدیاکارانـی کوردسـتان لـە تەکنەلۆژیـای نـوێ، لەگـەڵ ئـەو بەرنامـە و ئەپانـەی، کـە لـە بـواری کارکردنیـی رۆژنامەوانییـدا سـوودیان هەیـە.

## چوارەم: جۆر و میتۆد و ئامرازی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە؛ لـە جـۆری توێژینـەوەی وەسـفیی و چەندییـە، توێـژەران ڕێبازیـی «ڕاپێوی»یـان بـۆ سـازدانی بەكارهێنـاوە، بـۆ كۆكردنـەوەی داتـا و جێبەجێكردنـی لایەنـە كرداریيەكـەی و بەدەسـتهێنانی ئەنجامێكـی زانسـتیی، پشـت بـە ئامـرازی (فۆڕمـی ڕاپرسـیی) بەسـتراووە، ئـەم ڕێـكار و ئامـرازەش لـە زۆرینـەی توێژینـەوە زانسـتییەكاندا، پشـتی پـێ ئەبەسـترێت و جێـی بایـەخ و بـاوەڕی ژمارەیەكـی زۆر لـە توێژەرانـە، بـە تایبەتیـی لـە بـواری میدیـا و زانسـتە مرۆڤاییەكانـدا، كاتێـك كـە مشـتە و كۆمەڵگـەی توێژینەوەكـە فراوانـە.

## پێنجەم: چوارچێوەی كاری ڕووپێویی توێژینەوەكە

كۆمەڵـی توێژینەوەكـە، بریتییـە لـە ڕۆژنامەوان/میدیاكارانـی هەرێمـی كوردسـتان، توێـژەران بـە شـێوەیەكی «نـا هەڕەمەكیـی مەبەسـتدار» لەنـاو (١٦) كەناڵـی ئەلیكترۆنییـدا (١٥٩) ڕۆژنامەوانیـان وەكـو سـامپڵ (مشـتە) بـۆ توێژینەوەكـە هەڵبـژاردووە و فۆڕمەكەیـان بەسـەردا دابەشـكردوون، بـە هـەردوو شـێوازیی ڕووبـەڕوو (Face to Face) و ئەلیكترۆنیـی (Google Forms)، ئـەو بەربژێركردنـەش لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـووە، كـە «بەرتوێـژەكان لـە نـاو دامەزراوەیەكـی ڕۆژنامەوانیـی ئەلیكترۆنییـدا كاری میدیایـی بكـەن و تـا ڕادەیـەك ئاشـنای چەمكـی داتاجۆرنالیـزم بـن».

سـنوورەكانی ئـەم توێژینەوەیـە، ئـەم بوارانـە لـە خۆئەگرێـت: (بـواری بابـەت: داتاجۆرنالیـزم و ئەزموونـی ڕۆژنامەوانیـی) ، (بـواری مرۆیـی: ڕۆژنامەوان/میدیـاكاری بـواری ڕۆژنامەوانیـی ئەلیكترۆنیـی لـە هەرێمـی كوردسـتان) ، (بـواری شـوێن: هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق) ، (بـواری كات: ئـەو كاتەیـە، كـە توێـژەران لایەنـی پراكتیكی توێژینەوەكەیـان تێـدا سـاز داوە).

توێـژەران بـۆ دەرهێنانـی ڕاسـتیی ئامـراز و جێگیریـی داتاكانـی توێژینەوەكەیـان، دوای ئامادەكردنـی (فۆڕمـی ڕاپرسـیی) بەشـێوەیەكی سـەرەتایی، فۆڕمەكەیـان خسـتە بـەردەم (٧) هەڵسـەنگێنەری پسـپۆڕی بـواری میدیـا و ڕاگەیانـدن، بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی نـاوەڕۆك و پرسـیار و بڕگەكانـی فۆڕمەكـە و زانینیـی ئاسـتی گونجاویـی و ڕادەی درووسـتییەكەی، لـە دوای گەڕاندنـەوەی فۆڕمـەكان، ڕادەی ڕاسـتیی سـەرنج و بۆچـوون و تێبینیـی پسـپۆڕان، بـۆ دەركردنـی فۆڕمەكـە بەشـێوەیەكی كۆتایـی لـە بەرچـاو گیـرا، ئینجـا لەسـەر بنەمـای هاوكێشـەی: (ڕاسـتیی ڕواڵـەت =بڕگـە ڕاسـتەكان/ كـۆی بڕگـەكان×١٠٠) ڕاسـتیی فۆڕمـی ڕاپرسـییەكە دەرهاتـووە، كـە ئەكاتـە (٩١,٣٪) ئـەم ڕێژەیـەش ئاماژەیـە بـۆ بـەرزی ڕاسـتیی ئامرازەكانـی توێژینەوەكـە، دواتـر سـەبارەت بـە جێگیریـی داتاكانـی توێژینەوەكـە، توێـژەران جێگیـری ناوخۆییـان بەكارهێنـاوە، بـە پەنابردنەبـەر هاوكێشـەی ئاماریـی (ئەلفاكرۆنبـاخ- Cronbach's alpha) بـۆ وەڵامـی سـامپڵ-ی داتاكانـی تێكـڕای تـەوەر و پرسـیار و بڕگەكانـی فۆڕمـی ڕاپرسـییەكە، كـە بریتییـە لـە (٩,٩٨٤) ئـەم ڕێژەیـەش ئاسـت بەرزیـی جێگیریـی داتاكانـی توێژینەوەكـە پیشـان ئـەدات.

## شەشەم: توێژینەوەكانی پێشوو

توێژینـەوە و كتێـب و سـەرچاوە زانسـتییەكان، هەوێنـی بابـەت و بیرۆكـەی نوێـن، سـوود ئەبەخشـن و ڕێنیشـاندەری ڕێـگا ڕاسـتەكەن، لـەو ڕوانگەیـەوە چەنـد توێژینەوەیەكـی پەیوەسـت بـە بابەتـی داتاجۆرنالیـزم و ڕۆژنامەوانیـی ئەلیكترۆنیـی، لـە نوێترینـەوە بـۆ لـە پێشـترین ئەخەینـەڕوو:

یەكـەم.. توێژینـەوەی (حمـزة محمـد عبدالعزیـز ابـو علیـان) بـە ناونیشـانی (صحافـة البیانـات في فلسـطین مـن وجهـة نظـر خـبراء الاعـلام) ماسـتەرنامەیەكە، لـە سـاڵی (٢٠٢١)دا پێشـكەش بـە (كلیـة الاداب/جامعـة الاسـلامیة-غزة) كـراوە.

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە، زانینیـی رادەی بـوون و نەبوونیـی داتاجۆرنالیزمـە لـە روانگـەی پسـپۆڕانی بـواری راگەیاندنـی فەڵەسـتینییەوە، مەبەسـتی بـووە رادەی (بەکارهێنـان، پێداویسـتییەکانی، سـەرچاوەکانی، بابەتەکانـی، شـێوازەکانی پیشـاندان، رۆڵـی تەکنەلۆژیـا بـۆ بەرەوپێشـبردنی) بزانێـت، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی وەسـفییدا، لـە رێگـەی بەکارهێنانـی ئامـرازی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ (٥٢) بەرتوێـژ لـە شـارەزایانی بـواری راگەیانـدن، هـاوکات بەکارهێنانـی ئامـرازی شـیکاریی ناوەڕۆکـەوە بـۆ هەریـەك لـە رۆژنامەکانـی (القـدس، الایـام، الحیـاة الجدیـدة، فلسـطين والاسـتقلال)ی فەڵەسـتینی، ئـەم ئەنجامانـەی بەدەسـتهێناوە، رێـژەی لـە (٧٣,١٪)ی بەرتوێـژان ئەڵێـن «داتاجۆرنالیـزم لـە فەڵەسـتیندا بوونـی هەیـە»، لـە بەرامبـەردا رێـژەی (٢٦,٩٪) پێیانوایـە داتاجۆرنالیـزم لـە فەڵەسـتیندا بوونـی نییـە، لـە ئەنجامێکـی تـردا دەرکەوتـووە، رێـژەی لـە (٥٧,٩٪) بابەتـەکان سـنووردارە و پەیوەسـتە بـە دیزاینـی بینراویـی داتاکانـەوە، رێـژەی لـە (٢٨,٩٪)ی شـارەزایانیش رایـان وایـە، بابەتـی داتاجۆرنالیـزم رووکەشـییە و پێویسـتی بـە شـیکاریی و قووڵبوونـەوەی زیاتـر هەیـە، ئـەوەش دەرکەوتـووە، کـە راپـۆرت و بڵاوکـراوە فەرمییـەکان، گرنگتریـن سـەرچاوەن بـۆ داتاجۆرنالیـزم، لـە دوای ئەویـش بزووێنەرەکانـی گـەڕان دێـن لـە ئینتەرنێتـدا.

دووەم.. توێژینـەوەی (الاء علي الیحیوي) بـە ناونیشـانی (توظیـف صحافـة البیانـات في معالجـة البیانـات الحکومیـة الرقمیـة) ماسـتەرنامەیەکە، لـە سـاڵی (٢٠١٩)دا پێشـکەش بـە (کلیـة العلـوم الاجتماعیـة/ جامعـة أم القـری) کـراوە.

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە، زانییـن و ئاشـکراکردنی ئاسـتیی بەکارهێنانیـی داتاجۆرنالیزمـە، لـە پرۆسێسـکردنیی داتـای حکومەتـی دیجیتاڵیـی لـە لایـەن نێـرەری رۆژنامـە رۆژانەییەکانـی (سـعودي)ەوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە توێـژەر لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی وەسـفییدا، لـە رێگـەی ئامـرازی تێبینیکردنـەوە، شـیکاریی بـۆ بابەتەکـەی کـردووە و بـەم ئەنجامانـە گەیشـتووە، گرنگیپێدانـی رۆژنامەوانـان بـۆ بەرهەمهێنانـی بابەتـی داتاجۆرنالیـزم، بـە سـوودوەرگرتن لـە داتـا فەرمییـە دیجیتاڵییـەکان لاوازە، ئـەو میدیاکارانـەی هەفتانـە بابەتێکـی داتایـی بڵاوئەکەنـەوە، رێژەیـان (٥٤,٨٤٪)ەو تـا ژمـارەی بابەتـەکان لـە هەفتەکـەدا زیـاد بـکات، رێـژەی رۆژنامەوانـەکان کەمـتر ئەبێتـەوە، هەروەهـا دەرکەوتـووە، ئـەو رۆژنامەوانانـەی لـە کاتـی ئامادەکردنـی بابەتەکانیانـدا، ئەگەڕێنـەوە بـۆ داتـا فەرمییـەکان و بـۆ پیشـاندانی راسـتیی سـەرچاوە هەواڵییەکەیـان و پشـت بـە دانانـی داتـاکان ئەبەسـتن، رێژەیـان لـە (٥٨,١٪) تێپـەڕ نـاکات.

سـەبارەت بـەو بابەتانـەی، ئەبێتـە جێگـەی بایەخـی رۆژنامەوانـەکان، بـە رێـژەی (٦٨,٨٢٪) ئـەو بابەتانـەن، کـە ناوەڕۆکێکـی ئابوورییـان هەیـە، کەمتریـن گرنگیپێدانیشـیان بـۆ بابەتـە تەندرووسـتییەکانە و رێژەکـەی (١,٠٨٪) تێپـەڕ نـاکات.

سـێیەم.. توێژینـەوەی (دینـا طـارق محمـود) بـە ناونیشـانی (محـددات توظیـف صحافـة البیانـات فـی المواقـع الأخباریـة المصریـة والعالمیـة) ماسـتەرنامەیەکە، لـە سـاڵی (٢٠١٩)دا پێشـکەش بـە (کلیـة الاعـلام/ جامعـة القاهـرة) کـراوە.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە توێـژەر لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی وەسـفییدا، لـە رێگـەی میتـۆدی رووپێویـی نـاوەڕۆك و بـە بەکارهێنانیـی ئامـرازی فۆرمـی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆك، شـیکاریی بـۆ بابەتـی پێگـە هەواڵییەکانـی (المـصري اليـوم) ، (الوطـن)ی میسریـی، (The Guardian) بەریتانیـی و (The New York Times) ئەمریکیـی کـردووە. بـۆ لایەنـە پراکتیکییەکـەی سـەرجەم ئـەو بابەتانـەی وەرگرتـووە، کـە لـە سـاڵی (٢٠١٥)دا لـەو پێگانـەدا بڵاوکراونەتـەوە و تایبـەت بـوون بـە داتاجۆرنالیـزم، لـە کۆتاییـدا بـەم ئەنجامانـە گەیشـتووە: ژمـارەی ئـەو چیرۆکـە هەواڵانـەی، داتایـان تێـدا

بەکارهاتووە بەمشێوەیە بوون، پێگەی (المصري اليوم) لە ساڵێکدا (٥٠) چیرۆکە هەواڵ، پێگەی (الوطن) بۆ ساڵەکە (٥٥) چیرۆکە هەواڵ، پێگەی (The guardian) لەو ساڵەدا (١١٤) چیرۆکە هەواڵ، پێگەی نیویۆرك تایمزیش (١٠١) چیرۆکە هەواڵی بڵاوکردۆتەوە، لە رووی ناوەڕۆکەوە بابەتی پێگە عەرەبییەکان، تایبەت بوون بە رووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بەڵام بابەتی پێگە جیهانییەکان، بۆ چارەسەرکردن و گفتوگۆکردن دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوون، لە رووی دیزاینەوە ئەنجامەکان دەریانخستووە، کە هەردوو پێگە عەرەبییەکە، بۆ پیشاندانی داتاکان پشتیان بە ژانری (ئینفۆگرافیك) بەستووە، بەڵام دوو پێگە جیهانییەکە بۆ خستنەڕووی بابەتەکانیان، بە زۆریی سوودیان لە «نەخشە« وەرگرتووە.

## حەوتەم: ناساندنی چەمکەکان

داتا: کۆمەڵێك پیت، وشە، ژمارە، یاخود هێما و وێنەی خاوی پەیوەست و تایبەتمەندە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە، ئەکرێت بڵێین « داتا کۆدێکی نەکراوەیە لە دوای کردنەوە و شیکردنەوەی، مانا بەرهەم ئەهێنێت».

داتاجۆرنالیزم (Data Journalism): ئەو پرۆسەیەیە، کە زانیارییە زۆر و فرە رەهەندە سەخت و ئاڵۆزەکان شرۆڤە ئەکات، چیرۆکی رۆژنامەوانیی ناوازەیان لێ بەرهەم ئەهێنێت، دواتر بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و هونەریی، لە رێگەی بەکارهێنانی نەخشە و جۆرەکانی ئینفۆگرافیکەوە، بە کەمترین وشە و زۆرترین زانیاریی، کە ئاسان بێت بۆ تێگەیشتنی وەرگر ئەیخاتەڕوو.

رۆژنامەوان: مەبەست لەو کەسانەیە، کە لە ناو پێگە و دەستگا رۆژنامەوانییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بەشێوەیەکی پیشەیی و کرداریی کاری رۆژنامەوانیی ئەکەن.

رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی (Electronic Journalism): بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنییە بە شێوەیەکی بەردەوام و یەك لە دوای یەك دەرئەچێت، رووداوە گشتیی و تایبەتەکان لە خۆئەگرێت و، لە رێگەی ئامێریی کۆمپیوتەر یان تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ئەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی.

# بەشی دووەم/ تیۆرییینامەی توێژینەوە

## باسی یەکەم.. گەشەکردنی داتا جۆرنالیزم و هەلومەرجی درووستبوونی

### چەمکی داتاجۆرنالیزم

داتا، ئاماژەکردنە بە راستییەك، ژمارە، پیت یان هێما، بیرۆکە، دۆخ یاخود هەر بابەتگەلێکی تر، کە بە شێوازێکی ورد و ستاندارد بخرێتەڕوو، بەوەش پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ پرۆسەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندندا درووست ئەکات. لە پێناسەی داتادا ئەوترێت، داتا کەرەستە یان ماددەیەکی خاوە، لە فۆرمە سەرەتاییەکەیدا هیچ بەها یاخود بایەخێکی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە بەشێك لە رووداوەکان باس ئەکات، بەڵام هیچ شیکارییەکی لەگەڵدا نییە و هیچ رێساو یاسایەکی کارکردن ناخاتەڕوو، بەڵام کاتێك ئەچێتە بوارێکەوە، یان وەکو کۆدێك ئەکرێتەوە و شیکاریی بۆ ئەکرێت، مانا بە وشەکان و بەها بە راستییەکان ئەبەخشێت. (شمايلي، ٢٠٢١ :٤٥).

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، مرۆڤ لەناو گەشەکردنی خێرای ئامێرە تەکنەلۆژیی و دیجیتاڵییەکاندا ئەژی، رۆژانە رووبەڕووی لێشاوێك لە داتا و زانیاریی هەمەجۆر و فرە رەهەند ئەبێتەوە، ئێستا بە دەستهێنانی زانیاریی لە رێگەی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانییەوە بۆ هەمووان فەراهەمە، بەڵام کەمن ئەوانەی توانای شیکارییکردنی ئەو داتا و

زانیارییانەیـان هەیـە، لێـرەدا ئـەوەی کار بـۆ ئاسـانکردن و هەوڵـی تێگەیشـتنی ئـەو داتایانـە ئـەدات، بەشـێوەیەکی سـادە و ئاسـان، رۆژنامـەوان و ئامـراز و هونـەرە رۆژنامەوانییەکانـن، کـە لـە هەمـوو کات و سـەردەمێکدا پـردی پێکگەیشـتن و لێکنزیکبوونـەوەی کۆمەڵگـەن.

لێـرەوە ئیـتر چەمکـی داتاجۆرنالیـزم دێتـە ئـاراوە، ئـەوەی زیاتـر رێگـەی بـۆ ئەمجـۆرە رۆژنامەوانییـە خـۆش کـردووە، خستنەڕوو و پیشـاندانی داتـا زەبـەلاح و زانیارییـە ئاڵۆزەکانـە بـۆ وەرگـران، بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکیش و سـادە و ئاسـان.

داتاجۆرنالیـزم (Data Journalism): دەسـتەواژەیەکە بـە مانـای بەکارهێنانـی داتـا و ئامـارەکان لـە گێڕانـەوەی چیرۆکـە رۆژنامەوانییەکانـدا دێـت، بـە واتایەکـی تـر، داتاجۆرنالیـزم چیرۆکـە هەواڵییـەکان زیاتـر دەوڵەمەنـد ئـەکات و کارلێکـی جەمـاوەر زیاتـر ئـەکات بـۆی، لـە رێگـەی زانیارییـە وێنەدارەکانییـەوە کەمەندکێشـیان ئـەکات بـۆ خوێندنـەوەی. (ابـو عبـدون، ٢٠٢٠:١٦).

ئەبـو بەکـر خـەلاف، دەڵێـت: کاتێـك ئەپرسـن داتاجۆرنالیـزم چییـە؟ زۆر بـە ئاسـانیی و بـە سـانایی ئەتوانیـن بڵێیـن: ئـەو بابەتـە رۆژنامەوانییەیـە، کـە داتـای تێـدا بەکارئەهێنرێـت. (خـلاف، ٢٠١٤ :١).

تیـم بێرنـز لـی (Tim Berners-Lee) دامەزرێنـەری وێـب (Web)، ئەڵێـت «داهاتـوو موڵکـی ئـەو جـۆرە رۆژنامەوانییـە، کـە پشـت بـە داتـاکان ئەبەسـتێت». هەرچەنـدە لـەم سـاتەوەختەی ئێسـتاماندا هەمـووان بـاس لـە (رۆژنامەوانیـی هاوولاتـی Citizen journalism - ) و (سۆشـیال میدیـا یاخـود میدیـای خەڵـک- Social media) ئەکـەن، بەڵام رۆژنامەوانیـی ئاییندەمان ئـەو رۆژنامەوانییـە، کـە پشـت بـە (بنکـەدراوەی زانیاریـیData Base - ) ئەبەسـتێت، ئـەو وەبەرهێنـەی بـواری وێـب، زیاتـر لەسـەر باسـەکەی ئـەڕوات و ئەڵێـت «ئـەو جـۆرە رۆژنامەوانییـە، زانیاریـی روون و پەیوەندیـدار و پـڕ بایـەخ بـە شـێوازێکی سـەرنجڕاکێش و روون لـە رێگـای وێنەکانـی کۆمپیوتـەر و خشـتە و چـارت و گرافەکانـەوە ئەخاتـەڕوو. (بلعیـد ٢٠١٩:١٤).

هیبـە مسـتەفا و رالـلا محەمـەد، لـە بـارەی (داتـا جۆرنالیـزم)ەوە ئەڵێـن «کاتێـك لێشـاوی زۆری داتـا و زانیارییـە بێشـومارەکان لـە نـاو کۆمپیوتـەردا کـۆ ئەکرێنـەوە و، رۆژنامـەوان رووماڵێکـی قووڵیـی بـۆ ئـەکات، چیرۆکێکـی رۆژنامەوانیـی سەرنجڕاکێشـی گەشـەکردووی لـێ بەرهـەم دێـت، ئـەو گەشـەکردنە سەرنجڕاکێشـەش لـە ناوەنـدی ئەکادیمیـی و رۆژنامەوانییـدا بـە «داتاجۆرنالیـزم- Data Journalism» ئەناسرێـت. (مصطفـی و عبدالوهـاب، ٢٠٢١: ١).

## دەرکەوتن و گەشەکردنی داتاجۆرنالیزم

لـە مێـژووی مرۆڤایەتییـدا، تۆمارکردنـی زانیارییـەکان ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمە کۆنەکانـی پێـش زاییـن، ئـەو کاتانـەی مـرۆڤ زانیارییەکانـی بەشـێوەیەکی سـادە و سـاکار، لەسـەر دیـواری ئەشـکەوت و خشـتی قوریـن و پـەڕۆ و پێسـتی ئـاژەڵ تۆمـار ئەکـرد، دواتـر تۆمارکـردن بـە شـێوە زانسـتییەکەی لـە دوای دۆزینـەوەی پیتـی چـاپ و شۆڕشـی پیشەسـازییەوە سـەریهەڵدا و بایـەخ و گرنگیـی پەیـدا کـرد، ئـەو خاڵـەش تـەواو ئاشـکرایە، کـە رۆژنامەوانیـی وەك پیشـەیەکی مۆدێـرن بـە پلـەی یەکـەم، مامەڵـە لەگـەڵ گواسـتنەوەی ئـەو داتـا و زانیارییانـەدا ئـەکات و بەکاریـان ئەهێنێـت. (بلعیـد، ٢٠١٩: ١٧).

هەندێـك لـە شـارەزایانی ئـەم بـوارە، سـەرەتای داتاجۆرنالیـزم ئەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو شـێوازی کارکردنـەی، کـە لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا لـە ئەمریـکا بـاو بـووە و بـە (Computer Assisted Reporting-CAR) نـاسراوە، ئـەم سیسـتمی کارکردنـە تایبـەت بـووە بـەو رۆژنامەنووسـانەی، کاریـان بـە کۆمپیوتـەر کـردووە و بابەتـە رۆژنامەوانییەکانیـان پاڵپشـت بـە درووسـتکردنی هێڵکاریـی و وێنـەی روونکاریـی، بـە دەسـت کێـشراو بـڵاو کردووەتـەوە. (شـمالي،٢٠٢١: ٦٢).

وەك چەمـك و بوارێکـی سـەربەخۆ سـاڵی (٢٠٠٩) بـە سـەرەتایەکی گرنـگ بـۆ کاری داتاجۆرنالیـزم دادەنرێـت، ئەویـش

دوای ئـەو دەستپێشـخەرییە دێـت، کـە ڕۆژنامـەی (The Guardian)ی بەریتانیـی لـە بـواری ڕۆژنامەگەریـی داتاسـازییدا کـردی، بـە دامەزراندنـی بلۆگێکـی سـەربەخۆ و تایبـەت بـە داتـا، ئامانجـی ئـەو (Datablog)ە، بڵاوکردنـەوەی سـەدان هـەزار بەڵگەنامـە و دۆکیومێنتـی دزەپێکراویـی پەیوەسـت بـە جەنگـی ئەمریـکا بـوو لـە عێـراق، لـە دوای ئـەو داتابلۆگـەوە، ئیـتر چەمکـی داتاجۆرنالیـزم هاتـە نێـو فەرهەنگـی کاری ڕۆژنامەوانییـەوە و، وردە وردە لـە لایـەن دامـەزراوە ڕۆژنامەوانییـە نێودەوڵەتییەکانـەوە پشـتی پێئەبەسـترا. (الحواجـري، ٢٠٢٢: ٦١).

## گرنگیی داتاجۆرنالیزم

تازەیـی داتاجۆرنالیـزم وایکـردووە بـەردەوام گرنگییەکانـی لـە زیادبوونـدا بێـت، لێرەوە هـەوڵ ئەدەیـن دیارتریـن گرنگییەکانی بخەینـەڕوو، کـە بریتیین لـە: (Aimiomode and Gbenga, ٢٠٢٣)

١. لـە نـاو لێشـاویی داتـا و زانیارییەکانـدا «داتاجۆرنالیـزم» زانیارییـە پـەرش و بـڵاوەکان کـۆ ئەکاتـەوە و شـیکارییان بـۆ ئـەکات، پاشـان چیرۆکێکـی کـورت و پوخـت و ماناداریـی سەرنجڕاکێشـیی لـێ درووسـت ئـەکات.

٢. داتاجۆرنالیـزم ڕێگایەکـی نوێـی نمایشـکردنی ڕاپـۆرت و چیرۆکـە هەواڵـە داتاییەکانـە، دەسـتەواژەیەکی فراوانـە و کۆمەڵێـك کەرەسـتە و تەکنیـك لـە خۆئەگرێـت و بـە هۆیـەوە زانیارییـەکان بـە ژمـارە ئەخاتـە بـەردەم وەرگـر، کـە ئەمـەش ڕێگایەکـی نوێیـە بـۆ نمایشـکردنی زانیارییـەکان.

٣. داتاجۆرنالیـزم داهاتـووە، ئەنجامـی توێژینـەوەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە ئەکـەن، کـە داهاتـووی ڕۆژنامەوانیـی پشـت بـە داتـا و ئامـار و ژمـارە ئەبەسـتێت، داهاتـووی پیشـەی ڕۆژنامەوانییـش بـۆ ئـەو ڕۆژنامەوانانەییـە، کـە ئەتوانـن لێکۆڵینـەوە لـە داتاکانـدا بکـەن و شـیکارییان بـۆ بکـەن.

٤. داتاجۆرنالیـزم ئاڵنگاریـی بـواری دەق ئـەکات: کار بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـایی نێـوان بـواری ئامادەکردنـی ئامـار و بواری داڕشـتنەوەی وشـە ئـەکات، بـە مەبەسـتی دابەشـکردن و سـادەکردنەوەی سروشـتی ئـەم جیهانـە ئاڵـۆزەی ئێسـتای مرۆڤایەتیـی.

٥. داتاجۆرنالیـزم ڕێگایەکـە بـۆ نوێکردنـەوە و ئەبدەیـت بوونـەوەی توانـا کەسـییەکان، بوونیـی پسـپۆریی لـە شـیکاریی داتـا و هەبوونـی توانـای گـەڕان، تێگەیشـتن لـە زانیارییـەکان و فراوانبوونـی ئاسـۆی بیـر و داهێنـان ئەخوڵقێنێـت.

٦. بـە فێربـوون و تێگەیشـتن لـە تەکنیکـە نوێیەکانـی گـەڕان و وەرگرتنـی زانیاریـی، لەگـەڵ ئاشـنابوون بـە بەرنامـە و ئەپـە نوێیەکانیـی بـواری داتاجۆرنالیـزم، کاتێکـی زۆر بـۆ ڕۆژنامـەوان ئەگەڕێنێتـەوە و کارەکانیـی خێراتـر ئـەکات.

ئەم گرنگییانەی داتاجۆرنالیزم چەند ڕاستییەك بەرجەستە ئەکات، لەوانە: (شمالي،٢٠٢١: ٦٢-٦٧)، (ابو عليان،٢٠٢١: ٦٧-٧٠).

ا. زانین و درککردن بە هەندێك بابەت، کە پێشتر لە غیابی داتاجۆرنالیزمدا شاراوە بوون.

ب. داتاجۆرنالیزم نمایش کردنێکی دەوڵەمەندانەترە بۆ بابەت و چیرۆکە ڕۆژنامەوانییەکان.

ج. داتاجۆرنالیزم، جۆرێکی سەرەکیی کاری ڕۆژنامەوانییە، ئاییندەی ڕۆژنامەوان و دەستگا ڕۆژنامەوانییەکان دیاریی ئەکات.

## باسی دووەم.. گەشەکردنی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی

### چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی

پەرەسـەندن و گەشـەی خێـرای بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی لـەم چەنـد ساڵەی دواییـدا، بۆتـە جێگـەی تێڕامانی توێـژەر و پێشـبینییکارە نێودەوڵەتییـەکان و مشـتومڕێکی چـڕ و پـڕ و جددیـی لـە ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـدا درووسـت کـردووە، بـەو پێیـەی لـەو مـاوە کورتـەدا توانیوویەتـی، بەکارهێنەرێکـی زۆر لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە و ببێتـە جێگـەی

بایـەخ بـۆ کـۆی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی.

ئـەم کاریگەرییـە هـەر بـۆ بەکارهێنـەر و ناوەنـدە ئەکادیمییەکـە نییـە، بەڵکـو ئـەو وەرچەرخانـە تەکنەلۆژییـە کاریگەرییەکـی زۆریـی لەسـەر ئامرازەکانـی میدیـای کلاسـیکیی بـە گشـتیی و رۆژنامـەی کاغەزیـی بـە تایبەتـی دانـاوە، لـە سـایەی ئـەو هەڵاوێرکردنـەدا گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی بەسـەر (شـێوە، نـاوەڕۆك، شـێواز)ی رۆژنامەوانییـدا هاتـووە. (أبـو رشـيد، ٢٠٢٠: ٨٧).

نەجـوا عەبدولسـەلام، لـە پێناسـەی رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی-دا دەڵێـت: بڵاوکراوەیەکـی ئەلیکترۆنییـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام و یـەك لـە دوای یـەك دەرئەچێـت، رووداوە گشـتیی و تایبەتـەکان لـە خۆئەگرێـت و لـە رێگـەی ئامێـری کۆمپیوتـەر یـان تۆڕەکانـی ئینتەرنێتـەوە ئەکەوێتـە بـەر دیـدەی خوێنەرانـی. (عبدالسـلام، ١٩٩٨: ٢٠٤).

ئیحسـان مەحمـود حەسـان، هەوڵیـداوە پێناسـەیەکی تـا رادەیـەك جیاوازتـر بـۆ رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی بـکات و ئەڵێـت: رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی، ئینتەرنێتـی کردۆتـە کەناڵێـك و بـۆ بڵاوکردنـەوەی وشـە، وێنـەی راسـتەوخۆ، دەنـگ و هەواڵـە هەنووکەییـەکان بەکاریئەهێنێـت (الفیصـل، ٢٠٠٦: ٧٨).

لـە پێناسـەیەکی تـردا هاتـووە، رۆژنامـە ئەلیکترۆنییـەکان؛ ئـەو رۆژنامانـەن، کـە لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت دەرئەچـن و بڵاوئەکرێنـەوە و لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتـەر و ئامێـرە زیرەکـەکان دەرئەکـەون و ئەخوێنرێنـەوە، لاپـەڕەی ئـەم رۆژنامانـە هاوشـێوەی رۆژنامـە چاپکراوەکانـن، چەندیـن بابـەت و نووسـین و وێنـە و هێڵکاریـی جۆراوجـۆر لـە خۆئەگـرن، ئـەوەی بایەخێکـی زیاتـری پێبەخشـیوون، زیادکردنـی دەنـگ و وێنـەی جـوولاوە، لەگـەڵ هەندێـك تایبەتمەندیـی کارلێکاریـی بـۆ بابەتـەکان. (امیــن،٢٠٠٧: ٩٥).

ئینسـایکلۆپیدیای میدیـا و فەرهەنگـی تایبـەت بـە راگەیانـدن، بەمشـێوەیە پێناسـەی رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی ئـەکات «رۆژنامەوانیــی ئەلیکترۆنیــی پراکتیزەکردنــی کاری رۆژنامەوانیــی یاخــود پرۆســەی رووماڵــی هەواڵــەکان و بڵاوکردنــەوە و ناردنێتــی بەشــێوەیەکی ئەلیکترۆنیــی، لــە رێگــەی کەناڵەکانــی تەلەڤزیــۆن، ئینتەرنێــت، یــان هــەر ئامرازێکــی تــری ئەلیکترۆنییــەوە. (محــي الديــن، ٢٠١٢: ٦٤).

جێـی ئاماژەیـە، لـە زۆربـەی سـەرچاوە تایبەتمەندەکانـی بـواری رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنییـدا، توێـژەران لەگـەڵ باسـکردن یاخـود پێناسـەکردنی چەمکەکـەدا، چەندیـن زاراوەی نزیـك و هاوواتـای تریـش بەکارئەهێنـن، بـۆ نموونـە لـە سـەرچاوە ئینگلیزییەکانـدا لەگـەڵ رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیـی (Electronic Journalism)دا بـاس لـە رۆژنامەوانیـی وێـب (Web Journalism)، یاخـود رۆژنامەوانیـی ئینتەرنێـت (Internet Journalism) یـان رۆژنامەوانیـی ئۆنلایـن (Online Journalism) و هەروەهـا رۆژنامەوانیـی کارلێکیـی (Interactive Journalism) ئەکرێـت، لـە توێژینـەوە و سـەرچاوە زانسـتییەکانی زمانـی عەرەبیشـدا، کـە وەرگێرانێکـی دەقـاودەق بـۆ چەمکەکـە کـراوە، لەگـەڵ (الصحافـة الالكترونيـة) هەریەکـە لـە (الصحافـة الفوريـة، النسـخ الالكترونيـة، الصحافـة الرقميـة، الصحـف اللاورقيـة، الصحافـة التفاعليـة، الصحافـة الافتراضيـة وصحافـة الانترنـت) بەکارئەهێنرێـت. (شـفيق، ٢٠٠٦: ٣٩؛ ئیبراهیـم،٢٠١٤: ١٣٢؛ غـازي، ٢٠١٦: ٨).

مێژووی دەرکەوتن و گەشەکردنی رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی

ئەگەرچـی مێـژووی سـەر هەڵدانـی رۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی هێنـدە دوور نییـە، بـەڵام توێـژەران کـۆك نیـن لەسـەر سـەرەتاکەی و بیـر و رای جیـاواز لـە بارەیـەوە ئەخەنـەڕوو، هەندێـك رۆژنامـەی (شـیکاگۆ ئۆنلایـن- Chicago Online) و هەندێکیـش رۆژنامـەی (هێلسـنبۆرگ داگبڵانـد-Helsingborgs Dagblad ) بـە یەکـەم رۆژنامـەی ئەلیکترۆنیـی دائەنێـن، بـەڵام لـە زۆرینـەی سـەرچاوەکاندا بـە پێـی «سـاڵەکانی بڵاوکردنـەوە» ئامـاژە بـەوە دراوە «رۆژنامـەی هێلسـنبۆرگ داگبڵانـدی سـویدیی، کـە لـە سـاڵی (١٩٩٠)دا بڵاوبۆتـەوە، یەکەمیـن رۆژنامـەی ئەلیکترۆنیـی جیهانـە لـە نـاو ئینتەرنێتـدا»، لـە دوای ئـەو

ڕۆژنامەیە و هەر لەو ساڵەدا زیاد لە (١٠) ڕۆژنامەی تری ئەلیکترۆنیی بڵاوبوونەتەوە، ئەو ژمارەیەش بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە و زیادی کردووە. (امین، ٢٠٠٧: ١١٤-١١٥)، (غازي، ٢٠٢٢: ٨٧).

سەبارەت بە ڕۆژنامەی (شیکاگۆ ئۆنلاین)ی ئەمریکی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٢) کاتێك ڕۆژنامەی (شیکاگۆ تریبیۆن - Chicago Tribune) پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی لە ئینتەرنێتدا دامەزراند و بۆ یەکەمجار چاپی ئەلیکترۆنیی ڕۆژنامەکەی بە ناوی (شیکاگۆ ئۆنلاین- Chicago Online)ەوە تێدا بڵاوکردەوە، لە دوای ئەو ڕۆژنامەی (سیلیکۆن ڤالیsilicon valley-) لە ساڵی (١٩٩٣)دا ڕۆژنامەی (مێرکوری نیوز-Mercury News) دەرکرد، ڕۆژ دوای ڕۆژیش پێگەی ڕۆژنامەکان زیادیان ئەکرد، ساڵی (١٩٩٤) ژمارەی ڕۆژنامەکان گەیشتنە (١١٥) ڕۆژنامە و لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٥)دا ژمارەیان بوو بە (٣٦٨) ڕۆژنامە لەسەر ئینتەرنێت، لە ساڵی (١٩٩٦)دا ئەم ژمارەیە گەیشتە (١٥٦٢) ڕۆژنامە، لە ساڵی (١٩٩٧)دا دوای ئەوەی لیژنەی بەخشینی (خەڵاتی پۆلتیزەر- Prize Pulitzer) ڕایانگەیاند «خەڵاتەکانیان ئەو بابەتانەش ئەگرێتەوە، کە لە ئینتەرنێتدا بڵاوئەکرێنەوە» ژمارەکە زۆر زیاتر بوو و هەموو کەناڵەکان هەوڵیاندا شوێن و پێگەیەك لەناو ئینتەرنێتدا بۆ خۆیان دیاریی بکەن، بە گوێرەی ئامارێکی پێگەی (Editor & Publisher) لەساڵی (١٩٩٩)دا (٢٨٠٠) دەستگای ڕۆژنامە و (١٣١١) وێستگەی تەلەفزیۆنیی و (٢٢٠٠) ماڵپەڕی ڕادیۆیی لەسەر ئینتەرنێت دامەزراون، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ژمارەی ڕۆژنامەکان گەیشتنە (٤٠٠٠) ڕۆژنامە، بە پێی بە دواداچوونەکانی ئەو کاتە لە (٩٩٪)ی ڕۆژنامە گەورە و مامناوەندەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لاپەڕەکانیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاوئەکردەوە، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ژمارەکە زیاتر بوو و گەیشتە نزیکەی (٥٠٠٠) ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی. (المهداوي، ٢٠٠٧: ٥١؛ محي الدين، ٢٠١٢: ٦٧-٦٨؛ ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١٣٨؛ عمار، ٢٠١٧: ١٢٣-١٢٥).

لە ڕۆژنامەگەریی عەرەبیدا، ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ساڵی (١٩٩٥) بۆ یەکەمجار ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکانی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکردۆتەوە، لە دوای ئەویش هەردوو ڕۆژنامەی (النهار)و (السفیر)ی لوبنانی، ئینجا ڕۆژنامەی (الحیاة) ی لەندەنی دێن، کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا دەرچوون. سەبارەت بە (عێراق) بەراورد بە وڵاتە عەرەبییەکانی تر، درەنگتر خۆی داوە لە بواری ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی، کەچی لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠٠)دا سەدان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە ڕۆژنامە کاغەزیی و کەناڵە ئاسمانیی و ئێزگە و ئاژانسە هەواڵییەکان دامەزراون، بەڵام ئەوەی وەکو ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تەواو دەرچوو بێت لەو کاتەدا، تەنها ڕۆژنامەی (الحوار المتمدن، صوت العراق) بوون. (محي الدين، ٢٠١٢: ٦٨)، (ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١٣٧).

ئەم ژمارانە دەریئەخەن، کە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) زۆرینەی دام و دەستگا ڕۆژنامەوانییەکان پێگەی تایبەتیی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت درووست کردووە، لەو ڕێگەیەوە لە پاڵ چاپە کاغەزییەکاندا چاپە ئەلیکترۆنییەکەیان تێدا بڵاوئەکردەوە، ئەوەی کار ئاسانیی بۆ ئەکردن و هاندەربوو بۆ ئەو شێوازی کارکردنە (بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت، هەرزانیی تێچووەکەی، ئاسانیی بەکارهێنان)ەکەی بوو، کە بەراورد بە چاپە کاغەزییەکەی گرەنتیی بڵاوبوونەوەی لە ئاستێکیی باش و مەودایەکی زۆردا بۆ ئەکردن. (معالي، ٢٠٠٨: ٢٢)، (الرشيد، ٢٠٢٠: ٩٣-٩٤).

## جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی

جوان جەلالەددین؛ لە ماستەرنامەکەیدا، لە ڕوانگەی ناوەڕۆك و کرۆکی ئەو بابەتانەی کە بڵاوئەکرێنەوە، سەرەتا دابەشکاریی بۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی سەر هێڵی ئینتەرنێت ئەکات و لەوێوە ئەچێتە سەر جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی، ئەو دابەشکارییە، هەمان ئەو دابەشکارییەیە، کە (ئاراس ڕەمەزان) لە تێزی دکتۆراکەیدا پشتی پێبەستووە

و لـە ڕێگـەی چەنـد نموونەیەکـی زینـدووەوە بابەتەکـەی دەوڵەمەندتـر کـردووە، ئـەو پێگانـەش لـە ڕوانگـەی هـەردوو توێـژەرەوە بریتییـن لـە: (محـي الديـن، ٢٠١٢: ٦٩-٧١) ، (ئیبراهیـم، ٢٠١٤: ١٤١) ، (ئەحمـەد، ٢٠١٩: ١٢١-١٢٣).

١. پێگـەی بازرگانیـی: ئـەم پێگەیـە، هیـچ بابەتێکـی ڕۆژنامەوانیـی و هـەواڵ و زانیارییەکـی تێـدا نییـە، بابەتەکانـی لـە چوارچێـوەی ناسـاندنی کۆمپانیـا، کاری بازرگانیـی، ریـکلام بـۆ کاڵا، بازاڕگەریـی، هاوشـێوەی پێگەکانـی (ئاسـیا سـێڵ، کـۆرەك تێلیکـۆم، دەسـتی دوو، کـورد شـۆپینگ و... هتـد)ەوە بڵاوئەکاتـەوە.

٢. پێگەی کارلێکیی: ئەم پێگانە کار لەسەر کرداری کارلێکردن ئەکەن لەگەڵ وەرگراندا. وەکو (پێگەی کوردماکس).

٣. پێگـەی پێناسـیینەکان: ئامانجـی ئـەم پێگانـە قازانـج نەویسـتە و زیاتـر پێگـەی دەسـتگا خێرخوازیـی و زانسـتیی و ڕۆشـنبیرییەکانن، وەکـو پێگـەی (سـی فـۆر کـورد).

٤. پێگـەی تەواوکاریـی میدیایـی: ئـەم پێگانـە تەواوکاریـی دام و دەسـتگا ڕۆژامەوانییەکانـن، هاوشـێوەی پێگەکانـی (ڕۆژنامەی کوردسـتانی نـوێ، ڕۆژنامـەی خەبـات، کەناڵـی کوردسـات، کەناڵـی کوردسـتان، دیجیتـاڵ میدیـای NRT، پۆرتاڵـی ڕووداو، رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان و... هتـد).

٥. پێگـە ڕۆژنامەوانییـەکان: پێگەیەکـی ڕۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی تـەواون، لـە ڕێگـەی هیـچ پێگـەی بازرگانیـی یـان تایبـەت بـە خۆناسـاندن یاخـود خێرخوازییـەوە دانەمـەزراوە، پێگەیەکـی تەواوکارییـش نییـە بـۆ کەناڵێکـی ڕۆژنامەوانیـی، بەڵکـو «هـەر لـە سـەرەتاوە وەکـو دەسـتگایەکی ڕۆژنامەوانیـی تـەواو بـۆ کاری ڕۆژنامەوانیـی بنیادنـراوە، دەسـتەی بەڕێوەبـردن و سـتافی ڕۆژنامەوانیـی هەیـە، هەمـوو بابەتەکانـی بـە پێـی پێـوەرە ڕۆژنامەوانییـەکان دەرئەچـن.

## بەشی سێیەم/ بەشی کرداریی توێژینەوە

لـەم بەشـەدا ئەنجامـی پراکتیکیـی توێژینەوەکـە خراوەتـەڕوو، کـە پێکدێـت لـە ئامـاژەدان بـە تایبەتمەندیـی دیموگرافیـی بەرتوێـژەکان، ئاسـت و پێگـەی داتاجۆرنالیـزم لـە ڕۆژنامەوانیـی ئەلیکترۆنیـی کوردییـدا، لەگـەڵ بـوار و بابـەت و بەکارهێنانـی

داتـا جۆرنالیـزم لای ڕۆژنامەوانانـی کوردسـتان و ئـەو پرۆگـرام و ئەپانـەی سـوودیان لێوەرئەگیرێـت لـە بەرهەمهێنانیـی داتاجۆرنالیـزم-دا.

یەکەم/ تایبەتمەندیی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە:

خشتەی (١)

تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی (ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندن)ی بەرتوێژەکان

| تایبەتمەندیی دیموگرافیی | بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٢٣ | ٧٧.٤ | ١ |
| | مێ | ٣٦ | ٢٢.٦ | ٢ |
| | کۆی گشتیی | ١٥٩ | ١٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨-٢٢ ساڵ | ٤ | ٢.٥ | ٥ |
| | ٢٣-٢٧ ساڵ | ٣٥ | ٢٢ | ٢ |
| | ٢٨-٣٢ ساڵ | ٤٠ | ٢٥,٢ | ١ |
| | ٣٣-٣٧ ساڵ | ٣٥ | ٢٢ | ٢ |
| | ٣٨-٤٢ ساڵ | ٢٤ | ١٥.١ | ٣ |
| | ٤٣ ساڵ و زیاتر | ٢١ | ١٣.٢ | ٤ |
| | **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |
| ئاستی خوێندن | ئامادەیی | ٢٢ | ١٣.٨ | ٣ |
| | دبلۆم | ٤١ | ٢٥.٨ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ٨٢ | ٥١.٦ | ١ |
| | دبلۆمی باڵا | ١٢ | ٧.٥ | ٤ |
| | ماستەر | ٢ | ١.٣ | ٥ |
| | **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

بە گوێرەی ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووانەی لە خشتەی (١)دا روونکراوەتەوە، کە تایبەتە بە پیشاندانی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژان دەرئەکەوێت، کە لە کۆی (١٥٩) رۆژنامەوان (١٢٣) رۆژنامەوانیان لە رەگەزی (نێر)ن بە رێژەی (٧٧,٤٪) هاوکات رەگەزی (مێ) ژمارەیان (٣٦) رۆژنامەوانە، بە رێژەی (٢٢,٦٪).

ئەمەش ئەو واقیعە پیشان ئەدات، کە سەرەرای بەرەپێشچوونی کۆمەڵگە و هاتنە پێشەوەی رەگەزی مێ بۆ ناو هەموو کایە و بوارەکان، هێشتا بەشداریی رەگەزی مێ بەراورد بە رەگەزی نێر، لە بواری رۆژنامەوانیی کوردییدا لە ئاستی پێویستدا نییە و «جیاوازیی و نا بەرابەرییەکی زۆر لە نێوان ژمارەی هەردوو رەگەزدا بوونی هەیە«، لە ئەنجامێکی تری خشتەکەدا، سەبارەت بە تەمەنی بەرتوێژان دەرئەکەوێت، بەرزترین ئاستی تەمەن لە ناو بەرتوێژەکاندا بریتییە، لە تەمەنی (٢٨-٣٢) ساڵ و رێژەکەی ئەکاتە (٢٥,٢٪) و لە رێزبەندییەکەدا پلەی یەکەمی هەیە، تەمەنی (٢٣-٢٧) لەگەڵ تەمەنی (٣٣-٣٧) بە یەکەوە ئاستی دووەمی ریزبەندییەکەیان گرتووە، بە رێژەی (٢٢٪)، کۆتا ئاستی ریزبەندییەکەش بۆ تەمەنی (١٨-٢٢) ساڵە و بە رێژەی (٢,٥٪) هاتووە.

ئەو وەڵامەی دەربارەی ئاستی خوێندن لە توێژینەوەکەدا بە دەستهاتووە، دەریئەخات، کە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لای بەرتوێژان زیاترە، لە هەموو ئاستەکانی تری خوێندن و بە رێژەی (٥١,٦٪) لە پلەی یەکەمدا هاتووە، ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی دەستگا رۆژنامەوانییەکان، بوونی بڕوانامە لەبەرچاو ئەگرن بۆ پێدانی کار لە دامەزراوەکەیاندا، لە دوای بەکالۆریۆس، بڕوانامەی دبلۆم، بە رێژەی (٢٥,٨٪) لە پلەی دووەمدا هاتووە، بڕوانامەی (ئامادەیی) لە پلەی سێیەمدا بە رێژەی (١٣,٨) هاتووە، بڕوانامەی (دبلۆمی باڵا) لە پلەی چوارەمدا هاتووە، بە رێژەی (٧,٥٪)، کۆتایی ریزبەندییەکەش بۆ ئاستی بڕوانامەی ماستەرە و رێژەکەی (١,٣٪)یە، ئەم ئەنجامەش لە ریزبەندیی و رێژەی بەرتوێژەکاندا، بۆ ئاستی بڕوانامە لە ناو خشتەکەدا دەرخەری ئەو راستییەن، کە کەسانی

ئەکادیمیی و خاوەن بڕوانامەی زۆر بەرزی بواریی میدیا و راگەیاندن، لە ناو دەستگا رۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستاندا وەکو پێویست نییە.

خشتەی (٢)

ئەزموونی کارکردنی میدیایی بەرتوێژەکان

| ساڵی ئەزموون و شارەزایی بەرتوێژەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە (١) ساڵ | ١٣ | ٨.٢ | ٥ |
| (١) ساڵ بۆ (٥) ساڵ | ٤١ | ٢٥.٨ | ١ |
| (٦) ساڵ بۆ (١٠) ساڵ | ٣٩ | ٢٤.٥ | ٢ |
| (١١) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ | ٢٨ | ١٧.٦ | ٣ |
| (١٦) ساڵ بۆ (٢٠) ساڵ | ١٩ | ١١.٩ | ٤ |
| (٢١) ساڵ بۆ (٢٥) ساڵ | ١٣ | ٨.٢ | ٥ |
| (٢٥) ساڵ و زیاتر | ٦ | ٣.٨ | ٦ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

خشتەی (٢) کە تایبەتە بە ئەزموونی کاری میدیایی بەرتوێژەکان دەریئەخات، کە ئەزموون و شارەزایی کاری میدیایی (١) ساڵ بۆ (٥) ساڵ بە رێژەی (٢٥,٨٪) لە رێزبەندییەکەدا بە پلەی یەکەم دێت، ئەزموونی کاری میدیایی (٦) ساڵ بۆ (١٠)ساڵ بە پلەی دووەم دێت و رێژەکەی (٢٤,٥٪)ە، ئەزموونی کاری میدیایی (١١) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ، رێژەکەی ئەکاتە (١٧,٦٪) لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدا، لە دوای ئەو ئەزموونی کاری میدیایی (١٦) ساڵ بۆ (٢٠) ساڵ لە پلەی چوارەمدا دێت، بە رێژەی (١١,٩٪)، پاشان هەردوو ئەزموونی کاری میدیایی، کەمتر لە (١) ساڵ لەگەڵ (٢١) ساڵ بۆ (٢٥) ساڵ بەیەکەوە، بە رێژەی (٨,٢٪) هاتوون و لە پلەی پێنجەمدان، ئەزموونی کاری میدیایی (٢٥) ساڵ و زیاتریش لە کۆتایی ریزبەندییەکەدا هاتووە، بە رێژەی (٣,٨٪).

ئەنجامی رێژە و ریزبەندییەکانی ئەم خشتەیە دەریئەخەن، کە ئەزموونی کارکردنی میدیایی سامپڵی توێژینەوەکە، لە (١) ساڵ بۆ (٥) ساڵ «زۆرترینە» لە تێکڕای ئەزموونی کارکردنی میدیایی تری هاتوو لە بڕگەکانی پرسیارەکەدا، هەروەها ئەزموونی کارکردنی میدیایی کەمتر لە (١) ساڵ و (٢١-٢٥) ساڵ و زیاتر «کەمترینە» ئەمەش ئەو راستییە ئەسەلمێنێت، کە تەمەنی کارکردن و ئەزموونی میدیایی لای بەرتوێژان، رۆڵی خۆی هەیە لە یەکەمدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەزموون شارەزایی بۆ ژانرە رۆژنامەوانییەکان زیاد ئەکات، بۆ دووەمیشیان پەیوەستە بە مێژووی سەرهەڵدان و درووستبوونی رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (٣)

پێگە و شوێنی کارکردنیی بەرتوێژەکان

| شوێنی کاری میدیایی بەرتوێژەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| درەو میدیا (Draw Media) | ٢ | ١.٣ | ١٢ |
| پەرەگراف (Peregraf) | ٥ | ٣.١ | ١٠ |
| کوردستانی نوێ (Kurdistani New) | ٧ | ٤.٤ | ٩ |
| رووداو نێت (Rudaw net) | ٧ | ٤.٤ | ٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردسات (Kurdsat) | ٨ | ٥ | ٨ |
| شارپرێس (SHARPREES) | ٨ | ٥ | ٨ |
| سپێدە تیڤی (Speda Tv) | ٩ | ٥.٧ | ٧ |
| کوردستان ٢٤ (Kurdištan 24) | ١١ | ٦.٩ | ٥ |
| کەی ئێن ئێن (KNN Tv) | ١٣ | ٨.٢ | ٤ |
| ئاوێنە نیوز (Awene nwes) | ٤ | ٢.٥ | ١١ |
| سپێدە ئێف ئێم (SPEDA FM) | ١٤ | ٨.٨ | ٣ |
| پیوکەی میدیا (PUKmedia) | ١٤ | ٨.٨ | ٣ |
| پۆرتاڵی گەلی کوردستان (GK portal) | ١٧ | ١٠.٧ | ٢ |
| بی ئێم سی (BMC) | ١٠ | ٦.٣ | ٦ |
| پەیام تیڤی (Payam TV) | ١٠ | ٦.٣ | ٦ |
| ئێن ئاڕ تی تیڤی (NRT TV) | ٢٠ | ١٢.٦ | ١ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- ئەنجامی خشتەی (٣) ئامادەیی بەشدارییکردنی بەرتوێژان، بە گوێرەی شوێنی کارەکەیان روون ئەکاتەوە و دەریئەخات، کە بەشدارییکردنی کەناڵی (ئێن ئاڕ تی تیڤی) بە رێژەی (١٢,٦٪)ە، ئەمەش بەرزترین ئاستی بەشدارییە و لە پلەبەندی یەکەمی ریزبەندییەکەدایە، لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکەدا (پۆرتاڵی گەلی کوردستان) دێت بۆ بەشداریی بە رێژەی (١٠,٧٪)، هەریەك لە (پیوکەی میدیا، سپێدە ئێف ئێم) لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدان و بە پێی ئاستی بەشدارییان رێژەکەیان (٨,٨٪)ە، لە دوای ئەوان (کەی ئێن ئێن) بە رێژەی (٨,٢٪) لە پلەی چوارەمدا هاتووە، (کوردستان ٢٤) پلەی پێنجەمی هەیە و رێژەی بەشداریی (٦,٩٪)یە، (بی ئێم سی ، پەیام تیڤی) بە رێژەی (٦,٣٪) بەشدارییان کردووە و پلەی شەشەمیان هەیە، لە ریزبەندییەکەدا (سپێدە تیڤی) لە پلەی حەوتەمدا دێت، بە رێژەی (٥,٧٪)، هەشتەم پلە (کوردسات ، شار پرێس)ن، کە رێژەی بەشدارییان (٥٪)ە، (کوردستانی نوێ ، رووداو نێت) لە پلەی نۆیەمدا جێگیر بوون، بە رێژەی (٤,٤٪)، لە دوای ئەوان (پەرەگراف) پلەی دەیەمی هەیە و رێژەکەی (٣,١٪)ە، پێش کۆتایی (ئاوێنە نیوز) بە پلەی یانزە و بە رێژەی (٢,٥٪) هاتووە، لە کۆتایی ریزبەندییەکەشدا (درەو میدیا) دێت، کە بە رێژەی (١,٣٪) بەشداریی کردووە.

لەو رێژانەوە دەرئەکەوێت، کە زۆریی و کەمیی رێژەکان، لە تێکرای شوێنی کارکردنی بەرتوێژەکاندا، پەیوەستە بە بوونیی ژمارە و ئامادەیی میدیاکاران لە شوێنی کارکردنیاندا (دەستگا رۆژنامەوانییەکە).

خشتەی (٤)

ناونیشانی کاری بەرتوێژەکان

| کاری بەرتوێژەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| سەرنووسەر | ١٤ | ٨.٨ | ٥ |
| پەیامنێر | ١٤ | ٨,٨ | ٥ |
| جێگری سەرنووسەر | ٣ | ١.٩ | ٩ |
| بەڕێوەبەری نووسین | ٣ | ١.٩ | ٩ |
| شارەزای بواری ئامار | ٣ | ١,٩ | ٩ |
| بەڕێوەبەری بەرنامەکان | ١ | ٠.٦ | ١٠ |
| دەرهێنەر | ٨ | ٥ | ٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەستەی نووسەران | ٦ | ٣.٨ | ٨ |
| لێپرسراوی بەش | ١٦ | ١٠.١ | ٤ |
| هەواڵساز | ٤١ | ٢٥.٨ | ١ |
| پێشکەشکار و بێژەر | ١٧ | ١٠.٧ | ٣ |
| دیزاینەر | ٢٠ | ١٢.٦ | ٢ |
| پرۆدیوسەر | ١٣ | ٨.٢ | ٦ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- وەک لە خشتەی (٤)دا خراوەتەڕوو، لە ناو بەرتوێژەکاندا (هەواڵساز) بە ڕێژەی (٢٥,٨٪) لە پلەبەندی یەکەمی ریزبەندییەکەدایە، لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکەدا (دیزاینەر) دێت بە ڕێژەی (١٢,٦٪)، هەریەك لە (پێشکەشکار و بێژەر) لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدان و ڕێژەکەیان (١٠,٧٪)ە، لە دوای ئەوان (لێپرسراوی بەش) بە ڕێژەی (١٠,١٪) لە پلەی چوارەمدایە، (سەرنووسەر، پەیامنێر) پلەی پێنجەمیان هەیە و ڕێژەکەیان (٨,٨٪)ە، (پرۆدیوسەر) بە ڕێژەی (٨,٢٪) پلەی شەشەمی هەیە لە ڕێزبەندییەکەدا، (دەرهێنەر) لە پلەی حەوتەمدا دێت، بە ڕێژەی (٥٪)، لە هەشتەم پلەی ریزبەندییەکەدا (دەستەی نووسەران) هاتووە، بە ڕێژەی (٣,٨٪) ، (جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، شارەزای بواری ئامار) لە پلەی نۆیەمدا جێگیر بوون، بە ڕێژەی (١,٩٪)، لە دوای ئەوان و لە کۆتایی و لە دەیەمی ریزبەندییەکەدا (بەڕێوەبەری بەرنامەکان) دێت بە ڕێژەی (٠,٦٪).

لەو ڕێژە و ریزبەندییەوە ئاشکرا ئەبێت، کە (هەواڵساز) زۆرترین ناونیشانی کاری بەرتوێژەکانە لە ناو دام و دەستگا ڕۆژنامەوانییە ئەلیکترۆنییەکاندا، (بەڕێوەبەری بەرنامەکان)یش لە تێکڕای ناونیشانی کارە میدیاییەکاندا کەمترینە.

خشتەی (٥)

پسپۆریی بەرتوێژەکان لە بواری میدیادا

| **پسپۆریی لە میدیادا** | **دووبارەبوونەوە** | **ڕێژەی سەدیی** | **ریزبەندیی** |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٥١ | ٣٢.١ | ٢ |
| نەخێر | ١٠٨ | ٦٧.٩ | ١ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- لە ئەنجامی ڕاپرسیی خشتەی (٥)دا دەرئەکەوێت، ئەو بەرتوێژانەی کاری ڕۆژنامەوانیی دەستگاکان ڕائەپەڕێنن، مەرج نییە پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەوانیی بن و دەرچووی بەشە تایبەتمەندەکانی میدیا بن، لە ناو ئەو بەرتوێژانەی بەشداریی توێژینەوەکەیان کردووە، بە ئەنجامی (نەخێر) پیشانی ئەدەن، کە ڕێژەیان (٦٧,٩٪)یە، ئەوە لە کاتێکدایە، کە ئەنجامی (بەڵێ) ڕێژەی (٣٢,١٪)ی هێناوە، ئەم ڕێژانەش ئەیسەلمێنن، کە ڕێژەی پسپۆڕی میدیایی و ڕۆژنامەوانی ئەکادیمیی لە دەستگا ڕۆژنامەوانییەکانیی هەرێمی کوردستاندا، وەکو پێویست نییە و ژمارەیان بەراورد بە پسپۆڕیی و بڕوانامەکانی تر زۆر کەمە.

## دووەم/ ئاستی بەکارهێنانیی داتاجۆرنالیزم لە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

خشتەی (٦)

شارەزایی بەرتوێژەکان بە چەمکی داتاجۆرنالیزم

| ئاستی شارەزایی بەرتوێژەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٩ | ٥.٧ | ٤ |
| باش | ٦٣ | ٣٩.٦ | ١ |
| مامناوەند | ٥٥ | ٣٤.٦ | ٢ |
| کەم | ٢٤ | ١٥.١ | ٣ |
| زۆر کەم | ٨ | ٥ | ٥ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- بە گوێرەی ئەنجامی خشتەی (٦) کە بۆ زانینی رادەدەی شارەزایی سامپڵی توێژینەوەکەیە بۆ چەمکی داتاجۆرنالیزم، رێژە و ریزبەندییەکان بەمشێوەیەن: (باش) بە رێژەی (٣٩,٦٪)، لە یەکەمی ریزبەندییەکەدایە، لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکەدا (مامناوەند) دێت، بە رێژەی (٣٤,٦٪)، وەڵامی (کەم) لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدایە و رێژەکەی (١٥,١٪)ە، لە دوای ئەو وەڵامی (زۆر) بە رێژەی (٥,٧٪) لە پلەی چوارەمدایە، (زۆر کەم) پلەی پێنجەمی هەیە و رێژەکەی (٥٪)ە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریئەخات، کە رێژەی وەڵامە بەدەستهاتووەکان لە رادەدەی (زۆر و باش و مامناوەندا) زیاترە، وەك لە رادەدەی (کەم و زۆر کەم)، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئەخاتەڕوو، کە ئاشنایەتیی میدیاکارانی بەرتوێژ بۆ چەمکی داتاجۆرنالیزم، لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەکاتە زیاد لە سێ لەسەر چواری کۆی گشتیی ئاستی شارەزایی بەرتوێژەکان.

خشتەی (٧)

رێگاکانی ئاشنابوونیی بەرتوێژەکان، بە داتا جۆرنالیزم

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ئەزموون و کارکردن لە بواری میدیاییدا | ٧٢ | ٤٥.٣ | ١ |
| لە رێگەی خول و وۆرکشۆپی تایبەتەوە لە دەرەوەی شوێنی کارەکەم | ١٢ | ٧.٥ | ٥ |
| خوێندنەوە و راهێنان و بە دواداچوونی خودیی بۆ بابەتەکە | ٢٧ | ١٧ | ٢ |
| ناوەندی ئەکادیمیی | ١٤ | ٨.٨ | ٤ |
| رێکخراو و دامەزراوە میدیاییەکان | ٢١ | ١٣.٢ | ٣ |
| کردنەوەی خولیی تایبەت بۆ رۆژنامەوان لە لایەن شوێنی کارەوە | ٨ | ٥ | ٦ |
| دەزگاکەم هەلی بەشداریی خولێکی نێودەوڵەتیی، لەسەر بابەتەکە بۆ رەخساندم | ٥ | ٣.١ | ٧ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- بە گوێرەی ئەنجامی ریزبەندیی خشتەی (٧) کە تایبەتە بە رێگاکانی ئاشنابوونیی بەرتوێژەکان، بە چەمکی داتاجۆرنالیزم (ئەزموون و کارکردن لە بواری میدیادا) بە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە هاتووە و رێژەی (٤٥,٣٪)ی بە

دەستهێناوە، لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکەدا (خوێندنەوە و راهێنان و بە دواداچوونی خودیی بۆ بابەتەکە) دێت بە رێژەی (١٧٪)، لە دوای ئەو (لە رێگای رێکخراو و دامەزراوە میدیاییەکانەوە) لە ریزبەندییەکەدا بە پلەی سێیەم هاتووە و رێژەکەی (١٣,٢٪)ە، لە چوارەمی ریزبەندییەکەدا (ناوەندی ئەکادیمیی) هاتووە، بە رێژەی (٨,٨٪)، (خول و وۆرکشۆپی تایبەت لە دەرەوەی شوێنی کارەکەم) لە ریزبەندییەکەدا پێنجەمە و رێژەکەی (٧,٥٪)ە، (کردنەوەی خولی تایبەت بۆ رۆژنامەوان لە لایەن شوێنی کارەوە) بە رێژەی (٥٪) دێت و پلەی شەشەمی هەیە لە رێزبەندییەکەدا، بژاردەی (دەزگاکەم هەلی بەشداریی خولێکی نێودەوڵەتیی، لەسەر بابەتەکە بۆ رەخساندم) لە پلەی حەوتەمدا دێت، بە رێژەی (٣,١٪).

ئەم ئەنجامانەی بەرتوێژان دەریئەخەن، کە رێگاکانی ئاشنابوونی رۆژنامەوان بۆ چەمکی داتاجۆرنالیزم بە پلەی یەکەم، ئەگەڕێتەوە بۆ «ئەزموون و کارکردنیی رۆژنامەوان لە بواری میدیادا» ئەمەش ئەو راستییە ئەسەلمێنێت، کە لە ئێستادا ئەرکەکە ئەکەوێتە سەرشانی رۆژنامەوان خۆی و پشت بە وەرگرتنی ئەزموونی خودیی ئەبەستێت، ئەوەش بە زۆریی لە رێگای کارکردن و قاڵبوونەوە لە کاری رۆژنامەوانییدا دەستەبەر ئەکرێت.

خشتەی (٨)

گرنگییپێدانی دەستگا و شوێنی کار بۆ داتاجۆرنالیزم

| ئاستی گرنگییپێدانیی دەستگاکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٩ | ٥.٧ | ٤ |
| باش | ٤٢ | ٢٦.٤ | ٢ |
| مامناوەند | ٦٥ | ٤٠.٩ | ١ |
| کەم | ٣٥ | ٢٢ | ٣ |
| زۆر کەم | ٨ | ٥ | ٥ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- بە گوێرەی ئەنجامی خشتەی (٨) بۆ ئاستی گرنگییپێدانی شوێنی کاری بەرتوێژەکان، بۆ بابەتی داتاجۆرنالیزم بەم شێوازەیە، ئاستی (مامناوەند) بە رێژەی (٤٠,٩٪) هاتووە و لە پلەبەندی یەکەمی ریزبەندییەکەدایە، لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکەدا ئاستی (باش) دێت بە رێژەی (٢٦,٤٪).

ئاستی (کەم) لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدایە و رێژەکەی (٢٢٪)ە، لە دوای ئەو (زۆر) لە پلەی چوارەمی ریزبەندییەکەدا هاتووە، بە رێژەی (٥,٧٪)، لە کۆتا پلەشدا، کە پێنجەمی ریزبەندییەکەیە، ئاستی (زۆر کەم) هاتووە و رێژەکەی (٥٪)ە.

ئەنجامی توێژینەوەکە، دەربارەی ئاستی گرنگییپێدانی شوێنی کار بۆ بابەتی داتاجۆرنالیزم لە رادەی (زۆر، باش، مامناوەند)دا زیاترە، وەك لە رادەی (کەم ، زۆر کەم) و رێژەکەی دەگاتە زیاتر لە (٧٠٪)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئاستی گرنگییپێدانی شوێنی کاری بەرتوێژان، بە بابەتی داتاجۆرنالیزم لە ئاستێکی بەرزدایە و دەگاتە نزیکەی سێ لەسەر چواری کۆی گشتیی بەرتوێژەکان.

خشتەی (٩)

زۆرترین کاری میدیایی بەرتوێژەکان لە داتاجۆرنالیزمدا

| بواری کارکردنیی رۆژنامەوانیی | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| نەوت و وزە | ٣١ | ١٩.٥ | ٢ |
| خەرجیی و داهات | ٣٤ | ٢١.٤ | ١ |
| گەشە پێدان و ئاوەدانکردنەوە | ٩ | ٥.٧ | ٤ |
| یاسا و دۆسییەی دادگاکان | ٣ | ١.٩ | ١٠ |
| رۆشنبیریی و هونەریی | ٣ | ١.٩ | ١٠ |
| کاروباری دەرەوە | ٣ | ١.٩ | ١٠ |
| سیاسیی و کاروباری حزبەکان | ٧ | ٤.٤ | ٦ |
| مافی مرۆڤ و جێندەر | ٧ | ٤.٤ | ٦ |
| تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی | ٤ | ٢.٥ | ٩ |
| ژینگە و کەش و هەوا | ٤ | ٢.٥ | ٩ |
| هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانیی | ٥ | ٣.١ | ٨ |
| گەشتوگوزار و شوێنەوارناسیی | ٥ | ٣.١ | ٨ |
| گەندەڵیی | ٢٢ | ١٣.٨ | ٣ |
| ئایین | ٦ | ٣.٨ | ٧ |
| تەندرووستیی | ٦ | ٣.٨ | ٧ |
| پەروەردە و خوێندنی باڵا | ٨ | ٥ | ٥ |
| وەرزشیی | ٢ | ١.٣ | ١١ |
| **کۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- بە پێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەرئەکەوێت، ئەو بابەتانەی کە زۆرترین کاری میدیایی لەسەر کراوە، لە بواری داتاجۆرنالیزمدا، لە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەدا (خەرجیی و داهات)ە بە رێژەی (٢١,٤٪)، لە دووەمی ریزبەندییەکەدا (نەوت و وزە) دێت بە رێژەی (١٩,٥٪)، لە سێیەمی ریزبەندییەکەدا (گەندەڵیی) هاتووە، بە رێژەی (١٣,٨٪)، لە چوارەمیی ریزبەندییەکەدا بواری (گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە) بە رێژەی (٥,٧٪) دێت، بواری (پەروەردە و خوێندنی باڵا) لە ریزبەندییەکەدا پێنجەمە و رێژەکەی بە (٥٪) دەرچووە، لە دوای ئەو هەریەك لە بواری (سیاسیی و کاروباری حزبەکان) لەگەڵ (مافی مرۆڤ و جێندەر) لە پلەی شەشەمی ریزبەندییەکەدان و رێژەکەیان (٤,٤٪)ە، لە دوای ئەوان بواری (ئایین) لەگەڵ بواری (تەندرووستیی) بە رێژەی (٣,٨٪) لە ریزبەندییەکەدا حەوتەمن، (هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانیی) لەگەڵ (گەشتوگوزار و شوێنەوارناسیی) لە ریزبەندییەکەدا هەشتەمن و رێژەی (٣,١٪)یان هێناوە، هەردوو بواری (تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی) لەگەڵ (ژینگە و کەشوهەوا) لە نۆیەمی ریزبەندییەکەدا جێگیر بوون بە رێژەی (٢,٥٪)، لە دوای ئەوان هەر سێ بواری (یاسا و دۆسییەی دادگاکان) و (رۆشنبیریی و هونەریی) و (کاروباری دەرەوە) لە ریزبەندییەکەدا دەیەمن و رێژەکەیان (١,٩٪)یە، بواری (وەرزشیی) لە ریزبەندییەکەدا کۆتاییە و لە پلەی یانزەدەدا دێت بە رێژەی (١,٣٪).

لە ئەنجامەکانەوە ئاشکرا ئەبێت، ئەو بابەتانەی کە زۆرترین کاری میدیایی داتاجۆرنالیزمیی لەسەر کراوە، لە لایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، بە پلەی یەکەم (خەرجیی و داهات)ە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانیی

مووچەخـۆران و خەڵكـەوە هەیـە، لـە مـاوەی رابردووشـدا، ئـەم بابەتـە جێـی مشـتومڕو بـاس و خواسـیی زۆرینـە بـووە، لـە كۆتـا پلـەی ریزبەندییەكەشـدا بـواری (وەرزشـیی) دێـت، كـە ئـەوەش ئەنجامێكـە ئاسـتی وەرزشـیی و گرنگیپێدانیـی لـە هەرێمـی كوردسـتاندا ئەخاتـەڕوو.

خشتەی (١٠)

سەرچاوەی پشتپێبەستراو لە بەرهەمهێنانی داتاجۆرنالیزم -دا

| سەرچاوەكانی داتاجۆرنالیزم | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بزووێنەرەكانی گەڕان لە ئینتەرنێتدا | ١٨ | ١١.٣ | ٥ |
| داتا بەیس و ئەرشیفی ئەلیكترۆنیی | ٢١ | ١٣.٢ | ٤ |
| شارەزا و پسپۆرانی پەیوەندیدار بە بیرۆكە و بابەتە رۆژنامەوانییەكان | ١٦ | ١٠.١ | ٦ |
| داتا و راپۆرت و بڵاوكراوەی ماڵپەڕ و سەرچاوە فەرمییەكانی دام و دەستگا حكومییەكان | ٣٦ | ٢٢,٦ | ١ |
| كۆكردنەوەی داتا و زانیاریی لە رێگەی چاوپێكەوتن و راپرسییەوە | ١٥ | ٩.٤ | ٧ |
| وتەی شایەتحاڵ و بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنتەكان | ٢٨ | ١٧.٦ | ٢ |
| داتا و ژمارە و زانیارییە دزەپێكراوەكان | ٢٥ | ١٥.٧ | ٣ |
| **كۆی گشتیی** | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- ئەنجامی خشـتەی (١٠) كـە تایبەتـە بـە سـەرچاوە پشـت پێبەسـتراوەكانی رۆژنامـەوان لـە بەرهەمهێنانـی داتاجۆرنالیزمـدا، لای بەرتوێـژان بەمشـێوەیە دیارییكـراوە، لـە ریزبەندییەكـەدا یەكـەم سـەرچاوە (داتـا و راپـۆرت و بڵاوكـراوەی ماڵپـەڕ و سـەرچاوە فەرمییەكانـی دام و دەسـتگا حكومییـەكان) هاتـووە، بـە رێـژەی (٢٢,٦٪)، دووەم بـژاردەی ریزبەندییەكـە لای بەرتوێـژان (وتـەی شـایەتحاڵ و بەڵگەنامـە و دۆكیۆمێنتـەكان)ەو رێژەكـەی بـە (١٧,٦٪) دەرچـووە، (داتـا و ژمـارە و زانیارییـە دزەپێكـراوەكان) لـە سـێیەمی ریزبەندییەكـەدا هاتـووە و رێژەكـەی (١٥,٧٪)ە، (داتـا بەیـس و ئەرشـیفی ئەلیكترۆنیـی) لـە چوارەمـی ریزبەندییەكەدایـە بـە رێـژەی (١٣.٢٪)، دوای ئـەو (بزووێنەرەكانـی گـەڕان لـە ئینتەرنێتـدا) بـە پلـەی پێنجـەم هاتـووە، بـە رێـژەی (١١.٣)، لـە شەشـەمی ریزبەندییەكـەدا (شـارەزا و پسـپۆرانی پەیوەندیـدار بـە بیرۆكـە و بابەتـە رۆژنامەوانییـەكان) دێـت بـە رێـژەی (١٠,١٪)، لـە كۆتاییشـدا سـەرچاوەی (كۆكردنـەوەی داتـا و زانیاریـی لـە رێگـەی چاوپێكەوتـن و راپرسـییەوە) بـە رێـژەی (٩,٤٪) بووەتـە حەوتـەم بـژاردەی ریزبەندییەكـە.

لـە دیاریكردنـی ئـەو رێـژە و ریزبەندییـەوە، بـۆ سـەرچاوەی پشپێبەسـتراوی رۆژنامـەوان لـە بەرهەمهێنانـی (داتاجۆرنالیـزم) لای بەرتوێـژەكان دەرئەكەوێـت، كـە (داتـا و راپـۆرت و بڵاوكـراوەی ماڵپـەڕ و سـەرچاوە فەرمییەكانـی دام و دەسـتگا حكومییـەكان) لـە پلـەی یەكەمـی سـەرچاوەكاندان لای میدیـاكاران، هـاوكات (كۆكردنـەوەی داتـا و زانیاریـی لـە رێگـەی چاوپێكەوتـن و راپرسـییەوە) كۆتـا سـەرچاوەی پشـت پێبەسـتراووی رۆژنامەوانـە لـە هەرێمـی كوردسـتاندا.

خشتەی (١١)

پێگە و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان لە داتاجۆرنالیزم-دا

| بەرنامە و ئەپە بەکارهاتووەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بۆ هەواڵسازیی و ڕێکخستنەوەی بەڵگەنامەکان (Word,Doc Google) | ٣٤ | ٢١.٤ | ١ |
| بـۆ ڕێکخسـتنەوەی داتـا و خشـتەکان (Open Refine,SOL, Statistics , Fusion Table , Excel) | ٢٦ | ١٦.٤ | ٢ |
| بۆ ڕێکخستنەوە و شیکاریکردنی داتاکان (Data Miner , Import.io) | ١٧ | ١٠.٧ | ٣ |
| بۆ کاری وێنەسازیی (Free - ocr) | ١٧ | ١٠.٧ | ٣ |
| بـۆ بـواری فۆتـۆ و گرتـە ڤیدیۆییـەکان (Data Viewer , Google Images , Yandex , Tin Eye) | ١٠ | ٦.٣ | ٤ |
| بۆ ڕێکخستنەوەی خشتەکان (Google Earth , Google Map) | ١٠ | ٦.٣ | ٤ |
| بۆ زانینيي ئەو سەرچاوەیەی، یەکەمجار وێنەکەی لێوەرگیراوە (Dual Maps, Ban.jo, Geofeedia) | ٩ | ٥,٧ | ٥ |
| ئامرازە تایبەتمەندەکانیی داتا بەیس (Solar , Access) | ٨ | ٥ | ٦ |
| بۆ دیاریکردنی شوێن (GPS, GeoSocial Footprint) | 8 | 5 | 6 |
| بۆ زانین و دۆزینەوەی شوێنەکان (Street View, Google Map) | ٦ | ٣.٨ | ٧ |
| بۆ دەرخستنی پێناسەی ڕاستەقینەی کەسێک (Web Mii, Any Who,Pipl.com) | ٥ | ٣.١ | ٨ |
| بۆ زانیاریی وەرگرتن لە بارەی کەش و هەواوە (Wolfram Alpha) | ٥ | ٣.١ | ٨ |
| بۆ تێگەیشتن لە تۆڕی پەیوەندییەکان (Treeverse) | ٤ | ٢.٥ | ٩ |
| کۆی گشتیی | ١٥٩ | ١٠٠ | |

- ئەنجامـی خشـتەی (١١) گرنگتریـن ئـەو پێگـە و بەرنامـە و ئەپـە ئەلیکترۆنییانـەی تێـدا دیاریـی کـراوە، کـە بەرتوێـژەکان لـە کاتـی ئامادەکردنـی داتاجۆرنالیزمـدا سـوودی لێوەرئەگـرن، بـە گوێـرەی وەڵامـە بـە دەسـتهاتووەکان، ریزبەندیـی و ڕێـژەکان بەمشـێوەیەن، بەرنامەکانـی (Word Doc Google,) لـە ریزبەندییەکـەدا بـە یەکـەم هاتـوون و ڕێژەکەیـان (٢٥,٤٪)ە، بەرنامەکانـی (Open Refine ,SOL, Statistics , Fusion Table , Excel) لـە دووەمـی ریزبەندییەکـەدان و ڕێژەکەیـان (١٦,٤٪)ە، هەریەکـە لـە (Data Miner , Import.io) لەگـەڵ (Free - ocr) بـە یەکـەوە هەمـان ڕێـژەی بەکارهێنانیـان تۆمارکـردووە و ڕێژەکەیـان (١٠,٧٪)ە، بـەوەش لـە سـێیەمی ریزبەندییەکـەدا جێگیـر بـوون، دوای ئـەوان هەریـەك لـە (Data Viewer , Google Images,Yandex , Tin Eye) لەگـەڵ (Google Earth , Google Map) بەیەکـەوە دێـن و لـە ریزبەندییەکـەدا چوارەمـن، ڕێژەکەشـیان (٦,٣٪)یـە، (Dual Maps, Ban.jo, Geofeedia) بـە ڕێـژەی (٥,٧٪) لـە پلـەی پێنجـەدان، پاشـان لـە پلەبەندیـی شەشـەمی ریزبەندییەکـەدا بەرنامـە و پرۆگرامەکانـی (Solar , Access) لەگـەڵ (GPS, GeoSocial Footprint) دێـن بـە ڕێـژەی (٥٪)، لـە پلـەی حەوتەمـدا (Street View, Google Map) هاتـوون و ڕێژەکەیـان (٣,٨٪)ە، لـە ریزبەندیـی هەشـتەمدا هەریـەك لـە (Web Mii, Any Who,Pipl.com) لەگـەڵ (Wolfram Alpha) دێـن، بـە ڕێـژەی (٣,١٪)، لـە کۆتایـی ریزبەندییەکەشـدا، کـە پلـەی نۆیەمـە (Treeverse) هاتـووە و ڕێـژەی بەکارهێنـان و سـوود لێوەرگرتنـی بـە (٢,٥٪) دیاریـی کـراوە.

## دەرئەنجام:

لەسەر بنەمای ئەو رێباز و رێکار و ئامرازە زانستییانەی توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون، بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، توێژینەوەکە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە:

١. ئاشنایەتی و شارەزابوونی رۆژنامەوان بۆ (داتاجۆرنالیزم - Data Journalism) لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەو ئاستەش لە ناسیین و ئاشنایەتی بۆ چەمکی داتاجۆرنالیزم زیاتر پەیوەستە بە رادەی (ئەزموون و کارکردنی رۆژنامەوان لە بواری رۆژنامەوانییدا) ئەمەش ئەو راستییە ئەسەلمێنێت، کە لە ئێستادا ئەرکی ئاشنابوون بە چەمکە نوێیەکانی بواری رۆژنامەوانیی، ئەکەوێتە سەرشانی رۆژنامەوان و زیاتر پشت بە وەرگرتنی ئەزموونی خودیی ئەبەستێت، کە ئەوەش بە زۆریی لە رێگای کارکردن و قاڵبوونەوە لە کاری رۆژنامەوانییدا دەستەبەر ئەکرێت.

٢. لەگەڵ زۆری سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی بەردەستی رۆژنامەوان، بۆ کاری رۆژنامەوانیی بە گشتیی و بەرهەمهێنانی (داتاجۆرنالیزم) بەشێوەیەکی تایبەتیی (داتا و راپۆرت و بڵاوکراوەی ماڵپەڕ و سەرچاوە فەرمییەکانی دام و دەستگا حکومییەکان)، بوونەتە زۆرترین سەرچاوەی پشپێبەستراو لای رۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی ئەو رێژەیە ئاستێکی بەرزیی نییە، بەڵام لە ناو هەموو سەرچاوە بەردەستەکانی تری بەدەستهێنانیی داتا و زانیارییدا، تا ئێستا بڵاوکراوەی داتا و زانیاریی سەرچاوە حکومی و فەرمییەکان، لە بەرزترین ئاستی متمانە و لە پلەی یەکەمیی بڕوا پێکراودان.

٣. زۆرترین ئەو بابەتانەی بوونەتە جێگای بایەخی رۆژنامەوان بۆ داتاجۆرنالیزم و کاریان لەسەر کراوە، بە پلەی یەکەم بواری خەرجیی و داهاتە، لە پلەی دووەمیشدا بواری نەوت و وزەیە، لە دوای ئەوان سێیەم بوار کارکردنە لە بواری گەندەڵییدا، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو راستییەیە، کە ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕ ئەبێت، لە رووی قەیرانی ئابووریی و کێشەکانی گەندەڵیی و نا شەفافیی لە کەرتی وزەدا.

٤. گرنگترین ئەو پێگە و بەرنامە و ئەپە ئەلیکترۆنییانەی، کە رۆژنامەوان لە ئامادەکردنی داتاجۆرنالیزمدا سوودی لێوەرئەگرێت، بە پلەی یەکەم و بە رێژەی (٢٥,٤٪) بەرنامەکانی (Word, Doc Google)ن، بەرنامەکانی (Open Data) لە (Refine ,SOL, Statistics , Fusion Table , Excel) لە بەکارهێنانـدا ئاستی دووەمیان هەیە، هەریەکە لە (Miner , Import.io) لەگەڵ (Free - ocr) بەیەکەوە لە پلەی سێیەمدان و رێژەی بەکارهێنانیان ئەگاتە (١٠,٧٪)، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بژاردەکانیی تر زۆرینەی ئەو ئەپ و پرۆگرامانە لە خۆئەگرن، کە بۆ بواری داتاجۆرنالیزم سوودیکی زۆریان هەیە و کار ئاسانیی زۆر بۆ رۆژنامەوان فەراهەم ئەکەن.

٥. ئاستی گرنگیپێدانی دامەزراوەی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ داتاجۆرنالیزم لە ئاستێکی بەرزدایە و رێژەکەی ئەگاتە (٧٣٪)، بەڵام وەکو پێویست ئەو بوارە نوێیەی پیشەی رۆژنامەوانیی جێگەی خۆی نەگرتووە، وەکو ژانرێکی بە بایەخ و گرنگیی دنیای میدیا و رۆژنامەوانیی.

## لە دوای ئەنجامەكانەوە، چەند راستییەكی تر هەیە ..

هەمـوو توێژینەوەیـەك كۆمەڵێـك ئامانجـی هەیـە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە چوارچێـوەی ناونیشـانێكدا و لـە رێـگای پلانێكیـی زانسـتییەوە، بـە پەیـڕەو كردنـی جـۆر و میتۆدێكـی دیاریكـراو و بـە هـۆی ئامرازێـك یـان زیاتـرەوە، هەنـگاوە زانسـتییەكانی سـاز ئەكرێـت، لـە پێنـاو گەیشـتن بـە چارەسـەری كێشـەی توێژینەوەكـە و هێنانـەدی ئـەو ئامانجانـەی، كـە پێشـتر توێژەرەكـە دیارییكـردوون، ئینجـا راسـپاردە و پێشـنیازەكان ئەخرێنـەڕوو، بـەڵام زۆربـەی جـار بـە دەر لـە چوارچێـوەی گشـتیی توێژینەوەكـە و ئەنجامـەكان «هێشـتا شـتگەلێكی تـر هـەن بـۆ وتـن» وەكـو ئەوترێـت «هەمیشـە لـە پشـت راسـتییەكانەوە راسـتییەكی تریـش هەیـە« ئـەم وتەیـە بـە كرداریـی لەگـەڵ پرۆسـەی داتاجۆرنالیزمـدا یەكانگیـرە و زۆر بـاش ئەگونجێـت لـە گەڵیـدا، هـەر بۆیـە داتاجۆرنالیـزم جیـا لـە ژانـرە رۆژنامەوانییەكانـی تـر ئەتوانێـت لەگـەڵ خسـتنەڕووی كێشـە و دیاردەكانـدا، ببێتـە بەشـێك لـە چارەسـەركانیش، لـەو گۆشـەنیگایەوە؛ توێـژەران لـەم توێژینەوەیـەدا بـە باشـیانزانیی لـە وتنـی هەندێـك راسـتیی و فاكتـەوە، كـە لـە دەرەوەی ئامانجـە دانراوەكانـدا بەدەسـتهاتوون، هانیـی توێژەرانـی دوای خۆیـان و ناوەنـدە ئەكادیمیـی و دەسـتگا رۆژنامەوانیـی و میدیاییـەكان بـدەن، بیرۆكـە لـە راسـتییە پیشـاندراوەكان وەربگـرن و بیكەنـە هەوێنیـی كار و توێژینـەوەی زیاتـر و پـرۆژەی بـە سـوود بـۆ كۆمەڵگـەی كوردیـی.

لـە روانگـەی توێژەرانـەوە ئـەو ئەنجامانـەی رێژەكانییـان لـە خشـتەكانی پێشـتردا خراونەتـەڕوو، گوزارشـت كردنێكـی بابەتییانـەی تێدایـە بـۆ (كاری رۆژنامـەوان و واقیعـی كاری رۆژنامەوانیـی لـە دەسـتگا و دامـەزراوە رۆژنامەوانییەكانیـی هەرێمـی كوردسـتاندا) بۆیـە ئەكرێـت، بـە فۆكـەس خسـتنە سـەر و هایـلات (Highlight) كردنیـی دیارترینیـان، وەكـو «راسـپاردە و پێشـنیازی زانسـتییانەی ئـەم توێژینەوەیـە و بوونـی كێشـەی چەنـد توێژینەوەیەكـی نـوێ» ئەژمـار بكرێـن و مامەڵەیـان لـە گەڵـدا بكرێـت، بـەڵام بـەو شـێوەیەی كـە توێژەرانـی ئایینـدە و لایەنـە پەیوەندیـدارەكان خۆیـان ئەیانەوێـت و دیاریـی ئەكـەن، نـەك بـەو شـێوەیەی توێژەرانـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە چوارچێـوەی چەنـد ناونیشـانێكدا بۆیـان دیاریـی بكـەن، لـەو سـۆنگەیەوە، ئـەم چەنـد فاكتـە ئەخەینـەڕوو:

- ئـەو رۆژنامەوانانـەی كار لـە دامـەزراوە میدیاییەكانـدا ئەكـەن، رێـژەی (٣٢.١٪)یـان دەرچـووی كۆلێـژ و بەشـەكانی میدیـا و راگەیاندنـن، رێـژەی (٦٧.٩٪) دەرچـووی بـەش و كۆلێـژی جیـاوازن، ئەمـە لـە كاتێكدایـە، كـە چەندیـن بەشـی تایبـەت بـە میدیـا و راگەیانـدن، لـە پەیمانگـە و كۆلێژەكانیـی كوردسـتاندا بوونیـان هەیـە و زیـاد لـە چارەكـە سـەدەیەكە، خوێنـدكاری ئەكادیمیـی لـە بوارەكـەدا پـێ ئەگەیەنـن.

- لەگـەڵ ئـەوەی لـە كوردسـتاندا هەلـی خوێنـدن بـۆ رەگـەزی (نێـر و مـێ) وەكـو یەكـە و، سـاڵانەش ژمارەیەكـی بـاش لـە رەگـەزی (مـێ) لـە ناوەنـدە ئەكادیمییەكانـدا خوێنـدن تـەواو ئەكـەن و دەرئەچـن، كەچـی هێشـتا ژمـارەی رەگـەزی (نێـر) لـە چـاو رەگـەزی (مـێ)دا سـێ هێنـدە و زیاتریشـە.

- رادەی ئاشـنابوون و شـارەزایی رۆژنامـەوان، بـۆ داتاجۆرنالیـزم لـە ئاسـتی (زۆر و بـاش و مامناوەنـد)دا رێـژەی (٧٩,٩٪)یـە، ئـەم رێژەیـەش زۆر زیاتـرە لـەو رێژەیـەی لـە ئاسـتی (كـەم و زۆر كـەم)دا بەدەسـتهاتووە، بـەڵام بوونیـی ئـەو رێـژە بـەرزە لـە زانیـن و ئاشـنایەتیی بـۆ داتاجۆرنالیـزم، وەكـو پێویسـت هانـدەر نەبـووە بـۆ بەگەڕخسـتنی تواناكان و كاركـردن تێیـدا.

- رادەی گرنگیپێدانـی شـوێنی كاری رۆژنامـەوان، بـۆ داتاجۆرنالیـزم لـە ئاسـتەكانی (زۆر و بـاش و مامناوەنـد)دا بـە رێـژەی (٧٣٪) دەرچـووە، لـە بەرامبـەر رێـژەی (٢٧٪) بـۆ هـەردوو ئاسـتی (كـەم و زۆر كـەم) ئەمـەش دەریئەخـات، كـە گرنگیپێدانیـی دەسـتگاكان بـۆ داتاجۆرنالیـزم ئاسـتێكی باشـی هەیـە، بـەڵام وەكـو پێویسـت رەنگدانـەوەی نەبـووە، لـە بەرەوپێشـبردنی داتاجۆرنالیـزم لـە نـاو رۆژنامەوانیـی كوردیـی بـە گشـتیی و رۆژنامەوانیـی ئەلیكترۆنییشـدا بـە تایبەتیـی.

- فاکتێکی تر دەریخستووە، پشکی زۆرینەی ئەو ئاشنایەتی و شارەزاییەی رۆژنامەوان بۆ داتاجۆرنالیزم هەیەتی، بە رێژەی (٩١,٨٪) پەیوەستە بە ئەزموون و هەوڵ و بە دواداچوونە خودییەکان، بوونیی ناوەندە ئەکادیمییەکان، لەگەڵ ئەو خول و وۆرك شۆپ و دەستپێشخەرییانەی رێکخراوەکان بۆ بەرەوپێشبردنی بواری رۆژنامەوانیی ئەیخەنەگەڕ، نەك ئەو دامەزراوە و دەستگا رۆژنامەوانییانەی، کە شوێن کاری رۆژنامەوانەکەیە، ئەمەش لە کاتیکدایە، کە دەستگاکە راددەی گرنگیی بابەتەکە ئەزانێت و جێگەی بایەخیشە بۆی، بەڵام راددەی هەوڵدان و هاندانیی بۆ پێگەیاندنیی رۆژنامەوان لە بوارەکەدا، بە رێژەی (٨,١٪) راستییەکی تر پیشان ئەدات.

- بەکارهێنانی داتاجۆرنالیزم لە بواری (خەرجیی و داهات، نەوت و وزە، گەندەڵیی) بە رێژەی (٥٤,٧٪) بەکارهێنانی ئەم مۆدێلە رۆژنامەوانییەی لە سێکتەر و بوارەکانیی (خوێندن و پەروەردە، گەشتوگوزار و ژینگە، گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە، رۆشنبیریی و هونەریی و هتد...) بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە.

ئەگەرچی ئەو لێکەوتەیە رەنگدانەوەیە بۆ دۆخی ئابووریی و دارایی و باری گووزەرانی خەڵك لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا پیشانی ئەدات، کە رۆژنامەوان تا چەند وابەستەی ئەو ژینگەیەیە، کە تێدا ئەژی و چەندیش ئەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە بۆ ئەو دۆخ و رەوشەی پێیدا تێپەڕ ئەبێت، ئەمەش ئەگەر بەو دیووەدا راست بێت، کە پێویستە «رۆژنامەوان واقیع بین بێت و لەگەڵ ئازارەکانی جەماوەرەکەیدا بژی و بە ئاگا بێت لە خەمەکانیان، بەڵام بە دیووەکەی تردا ئاماژەیە بۆئەوەی، کە کەوتنە ژێر کاریگەریی رەوش و دۆخێکی دیاریکراوەوە، یان وابەستە بوونیی زیاد لە پێویست بە تەنگژە و کێشەیەکەوە، فەرامۆشکردنیی بوارەکانی تری لێئەکەوێتەوە، لە کاتێکدا ئەکرێت بە پەرەپێدانیی ئەو بوارانە بوونیادی کۆمەڵگە بە هێز بکرێت، پەنجە بخرێتە سەر کەموکوڕییەکانیان و لایەنە پۆزەتیڤەکانیان زیاتر بکرێت، چونکە «داتاجۆرنالیزم هەر بۆ دەرخستنی کێشەکان نییە، بەڵکو ئەکرێت رێگایەکیش بێت بۆ خستنەرووی چارەسەرەکان».

## الملخص:

ان موضوع هذه الدراسة، تهدف الى التعرف على مدى «استخدام صحافة البيانات في الصحافة الالكترونية الكردية» وذلك من خلال التعرف على مدى استخدامها، ومتطلباتها، ومصادرها، والمهارات لممارستها، وموضوعاتها، وأشكالها، تنتمي هذه الدراسة الى البحوث الوصفية، استخدمت في اطارها منهج الدراسات المسحية، واستخدمت وسيلة استمارة الاستبيان، ان مجتمع الدراسة هو صحافة القنوات الصحفية المتنوعة لإقليم كردستان، ان عينة الدراسة مكونة «من (١٥٩) صحفي، التي تم اختيارهم بشكل (غير عشوائي) من ضمن (١٦) قنوات اعلامية، وان اهم الاستنتاجات التي تم الحصول عليها من خلال الدراسة، تركز في (٥) اهداف تظهر ان معرفة العينات لمفهوم صحافة البيانات في مستوى «جيد»، وتتعلق ذلك بخبرة وسنوات عملهم في مجال الصحافة، وان المصادر المعتمدة في انتاج واخراج صحافة البيانات بالمرتبة الاولى هي البيانات والموضوعات الموجودة في المواقع الرسمية للمؤسسات الحكومية، بنسبة (٢٢,٦٪) و هي اعلى مرتبة وان الموضوعات التي تناولها العمل الصحفي، هي «المصروفات والايرادات» في المرتبة الاولى بنسبة (٢١.٤٪) وان «الرياضة» هي في المرتبة الاخيرة، بنسبة (١.٣٪).

**الكلمات المفتاحية: بيانات، صحافة البيانات، الصحفي، الصحافة الالكترونية.**

## Abstract:

The subject of this research is in the framework of descriptive research, that shows «The use of data journalism in electronic journalism in Kurdistan Region» as for the practical aspects, it relies on surveys and questionnaires.The community in question is the journalists of the Kurdish channels in Kurdistan Region. The sample is (159) journalists who have been specifically chosen from (16) channels. The most important result that has been achieved in this research, which have been concentrated in (5) main goals, is that it has been shown that the familiarity among the samples with data journalism can be rated «Good» and this is related to experience and work in the field of media. The primary sources of reference in this research are the data and subjects published on the official websites of the governmental institutions, at a rate of (%22.6) then there are the subjects on which there have been a lot of work done, first, «income and expenses» at a rate of (%21.4) and the last subject is «sports» at a rate of (%1.3).


**Key words: Data, Data Journalism, Journalist, Electronic Journalism.**

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی:


عمار، رابح (٢٠١٧): الصحافة الالكترونية وتحديات الفضاء الالكتروني، جامعة وهران، كلية العلوم الانسانية والعلوم الاسلامية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، اطروحة دكتوراه منشورة.

الحواجري، ابراهيم محمود محمد (٢٠٢١): اتجاهات القائمين بالاتصال فى المواقع الاخبارية الفلسطينية، فلسطين، جامعة الاسلامية-غزة، كلية الاداب، قسم الصحافة، رسالة ماجستير منشورة.

شمالي، علاء رزق (٢٠٢١): استخدامات الصحفيين الرياضيين العرب لصحافة البيانات، فلسطين، جامعة الاسلامية-غزة، كلية الاداب، قسم الصحافة، رسالة ماجستير منشورة.

مصطفى، هبة حسن مصطفى (٢٠٢١): الاتجاهات الحديثة فى بحوث صحافة البيانات، جامعة بورسعيد، كلية التربية النوعية، الاعلام التربوي.

ابو عليان، حمزة محمد عبدالعزيز (٢٠٢١): صحافة البيانات في فلسطين من وجهة نظر خبراء الاعلام، فلسطين، جامعة الاسلامية-غزة، كلية الاداب، قسم الصحافة، رسالة ماجستير منشورة.

أبو عبدون، يوسف (٢٠٢٠): توظيف صحافة البيانات داخل غرف الأخبار في وسائل الاعلام الاردنية، عمان/الاردن، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام، قسم الصحافة والاعلام، رسالة ماجستير منشورة.

اليحيوي، الاء علي (٢٠١٩): توظيف صحافة البيانات في معالجة البيانات الحكومية الرقمية، سعودية، جامعة أم القرى، كلية العلوم الاجتماعية، قسم الإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

محمود، دينا طارق (٢٠١٩): محددات توظيف صحافة البيانات فى المواقع الأخبارية المصرية والعالمية، مصر، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، قسم الصحافة، رسالة ماجستير منشورة.

محي الدين، جوان جلال الدين (٢٠١٢): الصحافة الاكترونية الكردية، اشكالها واساليب اخراجها، جامعة السليمانية،

کلیـة الاعـلام، قسـم الصحافـة.

## دووەم : کتێب بە زمانی کوردی:

ئەحمەد، ئاراز رەمەزان (٢٠١٩): دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

ئیبراهیـم، عەبدولخالـق (٢٠١٤): میدیـای کـوردی لـە سـەردەمی ئاسـمانە کراوەکانـدا، هەولێـر، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی کتێبخانەکان.

عەبدولڕەحمان، فەرمان (٢٠٢٠): ڕێبەری ڕۆژنامەوانیی مۆبایل (مۆجۆ)، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

عەبدولڕەحمان، فەرمان (٢٠١٩): ڕۆژنامەگەریی تەلەفیزیۆنی و بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمێنتاری، سلێمانی.

## سێیەم : کتێب بە زمانی عەرەبی:

غازي، خاليد محمد (٢٠٢٢): الصحافة الالكترونية والتقنية الرقمية، مصر، وكالة الصحافة العربية.

بلعيد، نهى (٢٠١٩): دليل صحافة البيانات، تونس، الجمعية التونسية للحكومة الالكترونية.

العراقي، عمر (٢٠١٧): دليل صحافة البيانات لتغطية قضايا حقوق الانسان، الاردن، صحفيون من اجل حقوق الانسان.

كنعان، على عبدالفتاح (٢٠١٦): الصحافة الالكترونية، عمان/الاردن، دار اليازوري العلمية، للنشر والتوزيع.

كنعـان، علـى عبدالفتـاح (٢٠١٤): الصحافـة الالكترونيـة فـى ظـل الثـورة التكنولوجيـة، عـمان/الاردن، دار اليـازوري العلميـة، للنـشر والتوزيـع.

غازي، خاليد محمد (٢٠١٦): الصحافة الالكترونية والتقنية الرقمية، مصر، وكالة الصحافة العربية.

خلاف، ابوبكر ابراهيم (٢٠١٤): دليل صحافة البيانات، مصر، نقابة الاعلام الاكتروني.

الفيصل، عبد الامير مويت (٢٠٠٦): الصحافة الالكترونية فى الوطن العربي، عمان دار الشروق.

اللبان، شريف درويش (٢٠٠٥): الصحافة الالكترونية، دراسات فى التفاعلية وتصميم المواقع، قاهرة، دار المصرية اللبنانية.

## چوارەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

٢٣. Arikenbi Peter, Aimiomode, Ainakhuagbor and Gbenga (٢٠٢٣) Data Journalism and its changing role in the ٢١st century, (online), African Journal of social science and humanities news gathering and writing in the research, ٦ (٥), pp. ٨٢-٩٥.

## پێنجەم: گۆڤارە عەرەبییەکان:

عبـد الغفـار، وفـاء جـمال درويـش (٢٠٢١): توظيـف صحافـة البيانـات فـى التغطيـات الصحفيـة الاسـتقصائية بالمواقـع الالكترونيـة المصريـة وعلاقتهـا بتطـور تقنيـات الاتصـال وتكنولوجيـا المعلومـات، القاهـرة، مجلـة البحـوث الاعلاميـة، جامعـة الازهـر، كليـة الاعـلام، العـدد -٢٦- ينايـر/ ٢٠٢١.

اعبـد الوهـاب- الـرازق رالـلا احمـد محمـد، هبـة محمـد شـفيق (٢٠١٧): مسـتقبل صحافـة البيانـات فـى مـصر خـلال العقديـن القادمـين (٢٠١٧-٢٠٣٧) المجلـة العربيـة لبحـوث الاعـلام والاتصـال، العـدد -١٩- أكتوبر/ديسـمبر/٢٠١٧.